دۆست و برا و خۆشەویستی ڕێزلێگیراو کاک ئاسۆس! سڵاو و ئاواتی کامەڕانیت!

بەر لە دوو سەعاتێک نامەی شیرینت گەیشت، بێگومان خۆت دەزانی ئەو تەرزە نامەیە چ تاموشام لە چەژی مرۆی ئارەزوومەندی چاکی و پاکی دەگێڕێ و چ تەوژم و گەرمییەک بە دەمارە ست و ساردبوویەوەی بابایەکی تامەزرۆ نەشکاوی بڵندنۆڕ و وردپێو و دوورخوێن دەبەخشێت.

گەڕامەوە بۆ ئەو نامەیەی بەر لە ساڵێک و دوو مانگ کاکە «وریا» بۆمی ناردبوو دیتم کەرتی یەکەمی ناوت لەو نامەیەدا کەرتی دووەمی خاوەن ئیمزایە. ڕاستیەکەی ئەوسا نەمدەزانی «ئاسۆس» لە جیرانەتی کاکە هێوا کە تەنها کەشیدەیەکی چەند میلیمەتری لێکتریای جودا دەکاتەوە، چ باس و خەبەرێکی لە دوایە چونکە پێشتر بەخزمەت ناوت نەگەیشتبووم. لەو ساوە کە نامەم پێ گەیشتوە، بەر لە ساڵێک، کە تێیدا پرۆژەی دووبارە لەچاپدانی «گەشتی ژیانم» پێشنیاز کراوە و تەواوێک پێی حەسامەوە لە کەلکەلەی گرتنەبەری ئەو «گەشتە» بووم. کتێبەکەی گەشت لە هەولێر مابۆوە بە ئاسانی بۆم نەدەگەیشتە بەغدا، چوونە بنباریشی لە حاڵوباری ئێستاکەمدا [کە پاریش هەر «ئێستا» حیسابە] بێ یارمەتیدان لە وزەمدا نییە چونکە بێگومان بەلای کەمەوە کارەکە 6 مانگی دەوێت کە واز لە هەموو چالاکیەکی سەر بە نووسین و نیوەمسۆگەرکردنی بژێو بهێنم... تا لەو دواییانەدا لە هەلێکی پێوەندیکردنی مامۆستا «فەرهاد شاکەلی» بە تەلەفۆن داوام لێی کرد کە سەرپەرشتیکەرانی «گەشت...» ئاگادار بکاتەوە لەو وەزعە نالەبارەی من. ئیتر نازانم نامەی تۆ هی ئەو خەبەردانەیە یان ڕێکەوت جووتی هێناون...

بەهەمەحاڵ من لێرە بەدواوە - دوای 3-4 ڕۆژ - دەکەومە سەر پێداچوونەوە و هەڵە ڕاستکردنەوە و کەموکوڕی بڕین... و... هتد ی گەشتەکە. لە نامەی کاک وریادا هاتووە کە ئاڵقەی پێنج لە گەشتەکەدا دوو ئاڵقەی گرتۆتەوە واتە دەبوو یەکیان ئاڵقە شەش بێت... من گەڕامەوە بۆ کتێبەکە [کە دەوری 20 ڕۆژێک دەبێت لە هەولێرەوە بۆیان هێنام] دەبینم ئاڵقەی شەش دوو جاران بۆتە ژمارە: یەکیان شەش، دووەمیان شەش-ب: لە نێوان پێنجەم و شەشەمدا کەلێن پەیدا نییە... لەلایەن هەناردنی کتێبەکەوە بۆتان: ئەگەر کەسی وەهاتان ڕەچاو کردووە بۆتانی بنێرێت با بزانم کێیە هەتا دوای لێ بوونەوە لە هەموو سەروبەرێکی کارەکە تەسلیم بە ئەو بکەم ئەگینا خۆم بە جۆرێک لە جۆران و لە ڕێی کەسێک لە کەسانەوە بۆتانی دەنێرم. ئومێد دەکەم پێوەندیمان بەردەوام بێت. دووای گەشتەکە ئومێد دەکەم بەقەدەر توانا نووسینتان بۆ بنێرم.

نامەکەی کاک وریا داوای کردبوو لەسەر بابەتێک بنووسم کە لە چاوپێککەوتنێکدا لەگەڵ «سلام الشماع»ی نوێنەری ڕۆژنامەی« الجمهورية» ئا ئەو بابەتە بەم جۆرە ڕوونم کردۆتەوە: ((وأخطر ما عندي هو المخزون في نفسي وعي والذي يصور فهمي للكون ومفاهيم «المطلق»...))

لێرەدا تەجرەبەیەکی بچووکی جوڵانەی «فکر» ژوورڕا و ژێرڕا دەور دەکەمەوە بۆت...

شەوێکی لە شەوانی وردبوونەوەی ناچاریم، کە دووای سەعات یەک دەستم دایە نووسین لە تەئبینی مرحوم عبدالمجید لطفی، سەرەتای قسان بەم ڕستەیە دەستی پێ کرد: «إنطلقت الطبيعة من رحم الأزل...» ئەمەم نووسی و کەوتمە سەر باری ڕەخنە لە خۆگرتن بە داری مەلایەکی کە ئەزەلیبوونی سروشت بە «شرک» دابنێت و لێمی بکاتە توانج و تۆمەت بە کفر، إلحاد... چونکە ناشێ غەیری خوا ئەزەلی بێت. لەگەڵ شەبەنگی ئەو مەلایەدا کەوتمە گفتوگۆیەکی خەست و خۆڵ و بەردەوام کە لێرەدا هەموو ئەو خەیاڵگیری و ڕەخنەپووچاندنەوانە و بەڵگەسازی بێ ئەرکی دەنگهەڵبڕین و تێیدا ماندووبوون دەور ناکرێنەوە، کورتەیێکی لێ باس دەکەم گوتم:

مامۆستا بەلای باوەڕی من لەتەک ئەزەلییەتی خالقدا کە خۆی خاوەن جیهان بێت فەرقێک نابینم لە نێوان ئەزەلییەت و «حدوث»ی ماددەدا. جارێ شتێکی مەخلووق بێت لە لایەن خالیقەوە چ کەم نابێتەوە لە سیفەتی «مخلوقیة»ی، بەوەدا لە ئەزەلەوە مەخلووق بێت یان بەدواکاتەوە بێتە مەخلووق، خۆ ئەگەر لێک بدەینەوە کە خالق لە ئەزەلدا بێ مەخلووق بوو، ئەزەلیش وەک ئەبەد سەر و بنی نییە، دەبێ بڵێین بەدرێژایی زەمانێکی بێ سەرەتادا [کە دەکاتەوە زمانی مطلق] خوایەتی هەر لە شکڵی «وجود بالقوة» potential -دا نەک لە شکڵی خالقییەتی «فعال»ـدا بەسەری بردووە وەک ئەوەی وەستای بەننا بە خەیاڵ خانوو دروستکەر بێت لە چاو دروست کردنی ڕاستەقینە: خوا لەم حاڵەتەدا دەبێتە «قادر، خالق، صانع بالقوة» کە زۆر کورت دێنێت لە تەک قادری حقیقی واتە سیفەتەکەی نوقصان دەبێت. بەم لێکدانەوەیە عالەم «قدیم» بێت لەگەڵ «کمال»ی خوادا دەگونجێت... ئنجا لێکدانەوەیەکی دیکە هەیە داوای وەرام دەکات:

دەزانین هەرچی ماددی و ناماددی هەیە لە بوونەوەری ڕاستینە و مەوهووم لە ئەزەلی ئەزەلەوە شێوە و چەندوچۆنیەکەی لە «علم»ی خوادا موجودێکی حەقیقی بووە چونکە ناشێ علمی خودا بە گوێرەی موهومبوون و حقیقیبوونی شتە مەعلوومەکان جارێکیان حقیقی بێت و جارێکیان وهمی، تەنانەت من و تۆش کە خەیاڵ لە بەشەرێکی عادەتی و لە بەشەرێکی پێنج سەر و قاچ کەنگر و ورگ لەدەر و پێست لەناو بکەین جارێکیان خەیاڵدروست و جارێکیان قۆڕەخەیاڵ دەردەچین هەرچەند خەیاڵی ئێمە «ئاوێنەیی»یە نەک دروستکەر وەک کە خاڵق دروستکەرە.

لە بارێکی دیکەوە، دەزانیت هەرچی دەبێت و بەسەر چووە و دەچێت و ئەو خەیاڵاتە و وڕێنە و خەون و زڕەخەون و وەهم و ترس و تەما و... و... هتد هەمووو تجریداتی بەمانا و بێمانای تا دەگەیە ئۆینێکی دامە کە لەسەر تەختەدامەدا بە ڕێزکردنی چەند بەردێک هەڵ بەستراوە و هیچ وجودێکی بایەخدار و نابایەخداری حقیقی پێوە نییە و بە جێگۆڕینی بەردێکی ئۆینەکە دەسرێتەوە، ئا ئەم وێنە و «صورة»تانە کە بەشی هەرە زۆریان عدم و عدمێکی بێ سەروبەر و بێ واتاشن، لە عیلمی ئەزەلی خوادا هەبوون و لە عیلمی ئەبەدی خوادا هەر دەمێنن واتە «ازلی و أبدی و نەمر»ن: خەیاڵێک، وشەیەکی بێواتای وەکوو «فلکن، بحقلووت، جاوەق مەگال...»، وێنەیەکی بزرکاوی تاداری وەیا بەنگێشی کە لە تروکەیەکی چاودا دەبرێتەوە و لە بیران دەچێتەوە و ئەوەندەی جلوەشی بەستبێ هەر «اعتباری» و معدومە، هەموویان لە عیلمی خوادا ازلی و أبدین، ئەمما: عالەمی ماددی، کە بەرجەستەترین و زەق و زوپترین و تاکە موجودی حقیقییە، ئەویان لە حالەتێکی بەدواکاتەوە خەلق کرابێت هەر صورەتەکەی بارتەقای صورەتی زڕەخەون و وڕێنە ازلی وابدی دەبێ، خۆی وەک ماددەی بەرهەست ئەزەلیبوونی لێ دادەماڵێت و (لە پێک گرتندا) نیو هێندەی ئەو معدومانە وجودی هەیە. ئەو عالەمە ماددییەش لە هەموو تفصیلاتی وجود و گۆڕان و زان و تێک بەستران و تێک هەڵکێشرانی ناوەڕۆکە بێئەژمارەکانیەوە و بە هەرچی مردوو وەیا زیندووی تێدایە و چەندی بەهۆش و بێهۆشە و... دەریا دەریای سەروبەری ئەو عالەمە ماددییە لە ئەزەلەوە لە عیلمی خوادا بووە واتە وەک پرۆژەی خانوێک، نەخێر وەک فیلمێکی حازر بەدەست کە پڕە لە ڕووداو و قسە و پەند و فەند و فاکوفیکیەوە بە سڕی و خامۆشی لە «وجود»دایە هەر سویچێکی کارەبای لێ بادەیت و وجودی فعال پەیدا دەکات و لەگەڵ وجودە «بالقوة» potential ەکەی لە صەدی صەد پێکەڵپێک و یەک بابەت و یەک شتن و لە هیچ ڕوویێکەوە فەرقی دوو وێنەی «وجود بالقوة» و «وجود بالفعل»ی تێدا نییە. وجودی ماددیش بەتەواوی وەک ئەو فیلمەیە: صورەت و «فعال» ـبوونی یەک شتن بەڵام بەداخەوە ئەو ئیمکانەی لە یەکبوونی فیلم و دوو حالەتەکەیدا هەبوو و توانیمان قسەی لێوە بکەین، لە حاڵەتی وجودی ماددی و صورەتە ئەزەلییە تفصیلیەکەیدا وشە نین و زمان ناگەڕێ و تەعبیر عاجزە یەکبوونیان بخاتە مێشک و هەستی گوێگرەوە: ئەو بازەی لە دوایین تەحلیلدا صورەت و جسم [وجود بالقوة و وجود بالفعل] دەگەیەنێتە

«یەکبوون» لە کەناری ئەوبەری ڕووباری لێڵ و گێژەنی ئەو اعتباراتە هەڵبەستراوانەی لە هەستی بەشەردا حقیقەت و صورەت لێک دەترازێنێ، ئا ئەو بازە پەڕوباڵی وشە و ڕستەی نین پێیانەوە ڕەهەوا کەوێت وەک لووزەوی کارەبا دەرحاڵ مەودابڕی دوور و نزیک بێت و لە ڕووبارەکە بپەڕێتەوە... گۆران دەڵێ:

هەرچەند دەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم
بۆم ناچێتە ناو چارچێوەی هەڵبەستم

هەندێک «متصوف»ی تێهەڵکشیو شتی ئەوتۆیان گوتووە تا ڕادەیەک جۆرە یاریدەدەرێکە لەو بووارەدا، دەفەرموێ:

كل مافي الكون وهم وخيال
أو عكوس في مرايا أو ظلال

ئەم قسەیە بە کورتی و بێ ئەرکی بە ئیسپات گەیاندن یەکبوونی «أصل» و «صورة» ڕادەگەیەنێت، خۆ ئەوەی ڕاستی بێ، فیزیای سەردەم قسەی نوێی ئەوتۆی پێیە لە قەدیمێکی قەدیمەوە تا چەندین ساڵێک لەمەوپێش هیچ عالمێک بۆی نەچووبوو، قبوڵیشی نەدەکرد... ببەخشە. لە منطقی نامە دوورکەوتمەوە.

دڵم دەیەوێت ڕووپێوێکی بەرنیتر لەم لاپەڕەیە بە نووسین پڕ بکەمەوە بەڵام ڕاستییەکەی نەکا خەیاڵ بۆ هێندێ بچێت کە نەفەسکورتی بەو بەتاڵاییە زۆرەی کە دەست هەڵگرتنم لە نووسین دەیکاتە مەیدان چۆڵکردن و بەعەیب بگیرێ لێم هێنامیە سەر هێندێ کە زاڵبوون بە سەر ئەو ترسەدا هەرچەند نەفەسکورتی تێدا بفامرێتەوە خۆشترە لە مجێزم تا ئەوەی بە نامەی درێژ ئافەرین لە بۆ خۆم ڕاکێشم... وا لێرەدا ماڵ ئاوایی دەکەم بە ئومێدی هاتنی جەوابت و دەوامەدان بە وتوێژمان. ئەدرەسم لێرە ئەمەیە:

بغداد – مدینة الشرطة 37\71، مسعود محمد. تەلەفونم: 5553510.

ئەمە و بژیت بۆ برای قەدرزانت
بەغداد 1994/10/26

نامەکەت دوێنێ گەیشت.

کاکە برا مامۆستا ئاسۆسی بەڕێز

دڵەکەمت پێشکەش دەکەم، شاڵڵا نەیڕەنجێنیت

نامەی نووسراوی ڕۆژی 1994/12/4 ت بەر لە دە ڕۆژێک، ڕەنگە کمێک زیاتریش، پێم گەیشت: جارێ لە پێشەوە پیرۆزبایی لە شێواز و ناوەڕۆکەکەی بە خۆت لایق دەبینم... کورت و درێژی ئەو دوو ڕووپەڕە و چواریەکە ڕووپەڕەیە جێی سپاسگوزاری و ڕەزامەندی بێمەرایم بوو... لەوان ڕۆژانەدا، کە دەوری دوو هەفتەیەک دەگرنەوە و تا ئێستاکە و ماوەیەکی دیکەی کۆتایی نادیاریش، وەها غەرقی نووسینی سەر بە گەشت و «هموم الحیاة» بووم و هەر بەحاڵ ڕێی هەناسەی سانەوەم دەست دەکەوت بۆیە بوو وەرامی نامەکەت وەخرا.
ڕاستییەکەی ئەدرەسیشت کەوتبووە ناو فایلێکی قەڵەباڵغەوە لەگەڵ یەک دوو نامەت کە ئیتر نەمدەزانی بۆ کوێ بنووسم هەتا بەر لە دوو - سێ سەعاتێک بەخت یاربوو مەیلەو لەخۆوە و بێ ئەرک، قوت، کەوتە بەرچاو و ناو دەستمەوە... تێبینەکان و خواهشتەکانت بەم جۆرەی خوارەوە لە حەفت خاڵدا ڕێزیان لێگیراوە:

1. لە لایەن هەڵەی چاپەوە: دەوری 800 هەڵەیەکی عەقڵم پێ شکابێت وەیا چاوم دەرکی کردبێت لیستەی بۆ گیراوەتەوە ژمارەی لاپەڕە و دێڕیشی لە تەکدا نووسراوە.
2. ئاڵقەی پێنجەم... من هەولّم دا لە «دار الثقافة...» بۆم بگەڕێن بەدوا ئەو ئاڵقە لە بیرکراوەدا بەڵام خۆم سەیرم کرد کۆتایی ئاڵقەی پێنجی کتێبەکە لە ئاڵقەی شەشی دووا خۆیەوە نەپچڕاوەتەوە ئنجا دیتم ئاڵقەی شەش دوو جاران هاتووە، دووەمیان (شەشەم ب)ی بەسەرەوە نووسراوە لەوەوە خۆم دڵنیا کرد کە گەشتەکە کەموکووڕی تێدا نییە... وا تۆ موژدەم دەدەیتێ کە «شکر» خوا کۆرپەیەکی تاربووی خستەوە کۆشی کتێبەکە.
3. سەردێڕی ئاڵقەکان: ڕەنگە وا پەسەند بێت وەک خۆیان بمێننەوە لەگەڵ تێبینی پەیدابوونەوەی ئاڵقەی تاربووەکەدا کە زنجیرەی پێ دەگۆڕێت و شەش دەبێتە حەوت، ئیتر (شەش ب)یش و دوواتریش بە پێی خواهشت چارەسەر دەکرێت...
4. قسەی «ناخی دڵ»ی لاپەڕە 446 لە پێداچوونەوە شەرح دراوە. هەروەها وتووێژم لەگەڵ «نوری سەعید» و ناوە بێسەروشوێنەکان ڕوون کراونەوە.
5. تێکستە عەرەبییەکەم وەرگێڕاوەتە سەر کوردی، بەشێکی سەرەتاکەی بە ئەسڵ چاپ نەکراوە منیش نوسخەی دەستخەتی خۆمم نییە هانای ببەمە بەر ئەو نوقسانییە وەک خۆی ماوەتەوە.
6. نامە و وێنە و نازانم چی لە باری ئێستاکەمدا جێی خەفەت لێ خواردن نییە... ناتوانم بەدوایاندا بگەڕێم...
7. لەگەڵ مامۆستا شوکور بە تەلەفۆن و لە داوەتێکیشدا بە ئیلحاحەوە داوام کرد هەر نەبێ سەرپێییش بێت گەڵاڵەیەکی تەرجەمەکەم بۆ بکات خۆم پیراشەی دەکەم... لە هەر دوو جاردا پڕ بەدڵ گوتی: ئەو عەرەبییە بە خۆت نەبێ بە کەس تەرجەمە ناکرێت... قسەکەشی نەک ڕاستە، هێندە ڕاستە خەریکم خۆیشم پێ نەوێرم. نامەوێ شەقڵی ئەسڵەکە بە تەواوی بدۆڕێت، هەر چۆنێک بێت دەبێ نەختێک لە تەوژمی عەرەبیەکە، کە بۆ بەر چاو و گوێی میللەتێکی غەیری کورد نووسراوە، بپارێزرێت نەک ماستی توند بە ئاوی زۆر بێتە ماستاو.

لەبارەی کۆپیکردنی گەشتەکە و هەمومەکەوە ئەگەر بۆم بکرێت زۆرم پێ خۆشە هەرچەند لە دووبارە نووسینەوەی هەرشتێکم بێت گەلێک پتر لە هەوەڵ جار ماندوو دەبم. بەهەمەحاڵ ئومێد بەلای چاکەدا دەکەم.

مەسەلەی ڕێنووس:

براگیان چەند هۆیەک هەیە ڕێنووسی کوردی ئاڵقاندووە. جارێ لە پێشەوە دەبێ بڵێم کورد لە کۆنەوە ڕێنووسی خۆی نەبوە، بگرە نووسینی نەبوە... پاش هەزاران ساڵ کە زمانی کوردی لە نووسیندا کەوتە گاگۆڵە، لە کوێرەڕێی ڕێنووسی فارسی و ئەلفبێی عەرەبییەوە هەنگاوی شەکەت و سەقەتی هەڵێنا... وەک مەڕی بێشوان نووسین و سەقافەتی کوردی خۆڕسک بوون بە هەموو عەیب و عارێکی کە دێتە بەر بەخێوکردنی منداڵێکی بێ دایک و بابەوە چونکە گەلی بێ حکومەت هەتیوێکی بێ دەمەتەقەیە. دەمێکە گوتوومە و نووسیومە میللەتێک کیانی سیاسی نەبێت جارێ لە پزدانی مێژوو بە مەلۆتکە بەر نەبۆتەوە، بەوەلەد نەهاتووە، مێژووبەدەرە... ئەم بێ بابی و دایکییە و بێ خاوەنییە شەپڕەی لە وجودی کورد داوە. ڕێنووسەکەی بریتییە لە خیتخیتۆکەی پەنجەی کۆڵەوار بەڵام خۆوتالع لە بەر تیشکی سەقافەتی جیهانێکی پێشکەوتوودا شرمبرمەکە دەخاتەسەر کاغەز...

با بڵێین بلیمەتێک، پێغەمبەرێک ڕێنووسێکی بێخەوشی پرشنگداری دۆزیەوە پڕبەپێستی پیت و وشە و ڕستەی کوردی بێت، کێ پێڕەوی لێ دەکات مادەم هەڵنەگرتنەوەی لەلایەن نووسەرانەوە گرفتێک بۆ کەس پێک نایەنێت... خزمخزمێنە و شەڕەگەڕەکێ و ژەهری دڕدۆنگی لێی دەوەشێتەوە دە ڕێنووسی ئەوتۆیی بە دوو پەتەوە بکات... لەمە بگەڕێین:

ئەلفوبێیی عەرەبی، هەرچەند لەلایەن کورتخایێنییەوە کەم مەسرەفترە ئەمما چونکە پیتەکانی (ا، و (واوی، vowel و کۆنسنانتی)، د، ذ، ر، ز) بەدوا خۆیانەوە نانووسێن وشەی سادەشی بەزۆری هەرەزۆر [سەیری «هەرەزۆر» تەنها «هە» کەی پێکەوە نووساون] لە خۆوە کەرت دەبێت، لەمەوە کەرتکردنی وشەی لێکداو و داڕێژراوی بە ئاسانی لە دەستی نووسەری عادەتیدا کەرتکەرت دەبێت. لەوانەیە بە دڵێکی پاکەوە و بە قەناعەتیشەوە بابایەکی هاکەزایی بنووسێ: هەڵ دەگرم، هەڵیان دەگرم، هەڵ یان دەگرم... هتد. من لە نووسینی وشەی «تەلەفۆن» هەناسەم تەنگ دەبێ چونکە دەبێ نۆ جاران قەڵەم هەڵئەنگێوم، باوەڕ دەکەم ڕەسام لەو مەودایەدا نۆ جاران فرچەی هەڵنائەنگێوێ ئنجا بەزۆری کورتی دەکەمەوە بۆ (فۆن) کە سێ پیتی پێنج هەڵبەزەیە.

نووسینی کوردی لەبەر خاسیەتی ڕێزمانەکەی و کەرەستەی تەعبیری [ئێرە جێی درێژەی تێدا نابێتەوە] پتر لە زمانێکی دیکە ئەو کەرتکردنەی لێ ئاسان دێت: هەڵم گرت، هەڵم نەگرت، هەڵم نەدەگرت، هەڵیان نەگرتم نەگرتبووم نەدەگرتم، پێیان هەڵنەدەگیرام، هەڵ نەدەگیرام، هەڵنەگیرابامایە، تێم ڕوانیبایت، تێمان نارِوانن، تێماننارِوانن، تێ مان نا... بە پڵینگم گوت، بە پڵینگمگوت، لە پڵینگم هەڵپێچا، تێم هەڵ پێچا، هەڵپێچا، تێمهەڵپێچا...

خولاسە ئەمەی مێویژێکە لە کەوێژێک بە ئاسانی و بێ وردبوونەوە لە سروشتی هەر یەک لەو کەرتانە و داخوازیی لکان و نەلکانی بە پێش و باشی خۆیەوە ڕامانێکی زمانناسانەی فەیلەسووفانەی سەر بە مێژووی کۆنینەوەی دەوێت هەتا بڕیاری لەسەر بدرێت...

وەختی خۆی کە لە کۆڕ بووم بڕیارێکی کۆڕ ئەوە بوو کە دوو پێشگر هاتن یەکێکیان تەنها بە وشەی دوا خۆیەوە بلکێت وەک: پێ هەڵگەڕان، تێ هەڵپێچان پێشگرەکەی دیکە بەجودا بەڵام نزیک وشەکەوە بنووسرێت [پێهەڵگەڕان]. بڕیار بوو تاکە دەنگ بە تاکە پیت بنووسرێت، لە پێویستدا نیشانەیەک بخرێتە سەر پیتەکە...

خولاسە هەرای ڕێنووس و ڕێزمانی لە نۆژەنەوە، بەتایبەتی لە نێوان پاشاگەردانیی کوردانەماندا، فرەفرەفرە دژوارە. بەهەمەحاڵ لە منەوە ئێوە گەردن ئازادن لە هەڵگرتنەوەی ڕێنووسێک کە پەسەندی دەکەن. ئەگەر پێویست بوو پرسێکم لە هەندێ حاڵوباردا پێ بکەن ئارەزۆی خۆتانە.

یەک لەو شتانەی کەرتکردنی وشەی لێکدراو دەستەواژە ئاسان دەکات ئەوەیە کە کەرت کراوی و بەسەریەکییەوە لەلایەن تێگەییشتنەوە وەک یەکن. چ بنووسم کەرتکراوی و چ بنووسم کەرت کراوی [وەک لە دێڕی سەرەوەتردا نووسیم] ئیشکال دروست ناکات بەڵام لەلایەن زەبتوڕەبتەوە وەک نوێژی بێدەسنوێژی لێ دێت هەرچەند نوێژ هەر نوێژە، زۆر کەسیش لە شەرمان مل دەنێتە نوێژ بێ دەسنوێژ و بەلەشی شەیتانیەوە. دووارۆژ، یاخوا ئەو دووارۆژەی کۆتایی ئەم سەدەیە ئەوە بێ کە تۆ لە بارەیەوە نووسیوتە، کە گەنجی حەسایەوە لچکولێوی لە شرە بابەتەکەمان هەڵێنا با بزانێ لە چ حاڵ و بە چ چەکمەسەری زەمانەمان بردۆتە سەر... ئەرێ براله تۆوخودا though «ذۆ» کاری عاقڵانە؟ جارێکیان کابرایەکی ڕووس بەدوا کتێبێکی سومەرسیت مۆمدا دەگەڕا هەر دەیگوت: موگهام Maugham کابرای خاوەن کتێبخانە تێی نەدەگەیشت مەبەستی چیە، fille ی فرەنسەیی نووسینە؟ ئەوەی کە فارس لەبری Bombay دەنووسێ «بمبئی» و لە جیاتی Nivia دەنووسێ «نیوآ» لەجیاتی «ڤاول» «وویل» چی پێ بڵێین؟ ئەمما ئەگەر ناڵەکەریش بکاتە ئەلفوبێ خاوەن دەوڵەتە و لێی بە عەیب ناگیرێ...

بەهەمەحاڵ من گەلێک لە پەرۆشی ڕێنووسدام بەڵام داخم ناچێت چەپڵە بە دەستێک لێ نادرێت، تۆخوا عەیب نییە دەنگی «و» کە یەک دەنگە لە وشەی «دوور»-دا بە دوو «و» بنووسرێت؟ ئەدی گوشراو چۆن بێت؟ یاخود بۆ نەنووسین «ددوورر» چونکە هەر سێ دەنگ وەک یەکن لە ڕووی تاک و جووتیدا.

ئای ساڵەها بەدەست chaos ەوە پیشم خواردۆتەوە تازانیم دەخوێندرێتەوە کایۆس... ئەم قسە قرتاوانەم کار نەکاتە سەر ئازادیتان لە پەسندکردنی ڕێنووسی «گەشت» و «هموم» کە بەخێر گەیشتنە دەمی لەچاپدان.

وابزانم چی دیکە ڕێ بە خۆم نەدەم قسە درێژ بکەمەوە... لێرەدا دوعاخوازیتان لێ دەکەم بە کوڵێک پەرۆشەوە کە لێتان دادەبڕێم. عەرەب گوتوەتی «المراسلة نصف المواصلة» قسەکەشیان ڕاستە.

ئەمەو بژین بۆ قەدرزانتان

بەغداد: 1995/1/14

مسعود محمد

تکایەک:

کاغەزی کە بۆ تۆم نارد وێڕای کاغەزێکی دیکەم کە نارد بۆ «محمد هەڵۆ» ئەمەش ئەدرەسیەتی... ... هەردوو کاغەز یەک لایەن بەرباری گەیاندنیان بوو. زۆری نەبرد وەرامی تۆ هات... هی کاکە هەڵۆ بێ سەروشوێن مایەوە. کاغەزەکەی ئەو ساڵێکی بەسەردا تێپەڕیو ئنجا گەیشتە دەستی من، 23 پرسیاری تێدا بوو، ئەوەی وەرامیم دانەوە 49 ڕووپەڕی گرتەوە کە هەریەکی 1,7ی ئەم ڕووپەڕەیەی کە لێی دەنووسم دەردەچێت... ئنجا ئەگەر لێت زەحمەت نەیێ سۆراغێکم لە باریەوە بۆ بکەی و بە نامە یان هەر چونێک بێت پێمی ڕابگەیەنیت یان ئەو خۆی پێوەندیم پێوە بکات. زۆر سوپاس. تەلەفۆنی من: 5553150

برا و دۆستی ڕێزدار و بەدڵمەوە نووساو: ئەم کاتە و پێشتر و دواتر و هەمیشەکاتت باش و خۆش

نامەکەت ڕۆژی 8/14 گەیشت، نەزاکەت و میهرەبانیت ڕێگەی سپاسگوزاریی لێم سەخت کرد مەگەر بە لوتفێکی تازەی درێغپۆش ئارەقەی خەجاڵەتی قەڵەمم بسڕیتەوە... سەد جار ماڵت ئاوابێ... ڕەزامەندیت لە نووسینەکەم ئەگەر بۆ دڵدانەوەش بێ خۆشیبەخش بوو. لەلایەن ڕێنووسەوە، وەک پێشتریش گوتوومە، چۆنی بە چاک دەزانن لە خوایشتی خۆتاندایە.

بێگومان ئێوە لە من پتر دەربەستی یەکشێوەکردنی سەرلەبەری نووسینەکە دەبن چونکە من لە باری ئێستاکەی ڕێنووسی کوردییەوە کە جارێ نەمەیبوە و لە کولانەی سروشتی هەڵنانی ڕستەی کوردییەوە کە زۆر جۆرە دارشتن هەڵدەگرێت ویڕایی قیاسکردن لە ڕێنووسی زمانە پێشکەوتووەکان کە هیچی بەسەر هیچەوە نییە و شتێک دەنووسن تا بڵێی جودایە لەو دەنگانەی لە زارەوە دەردێن بە ڕاسایی، ئاسایی لەوانەم بنووسم:
نەمتاندەدیت، نەمتان دەدیت، نەتاندەدیتم، نەتان دەدیتم، لێمگەرێ، لێم بگەڕێ، لێمبگەڕێ... و... و... هتد. فارس لە جیاتی نیڤیا نیوآ دەنووسێ، ئینگلیز do «دوو» و go «گۆ» دەنووسن، chaos خۆت دەزانیت چۆن دەخوێندرێتەوە... دەنگی مردوووی k لە بەرایی knight و چەندین وشەی دیکە هەروا زەقە زەقیەتی ئنجا ight دەبێتە «ایت»، لە nocturnal دا کافەکە مردووە لێی بەخێر بگەڕێ... تا ئێستاش دەنگی هەمزە لە نووسیندا تێدەبەن کە حیکایەتەکەی تا بڵێی سەیروسەمەرەیە...

خولاسە بە هەموو دڵمەوە خواهشتی بژاردەکردنی ڕێنووسی هەرچی لە منەوە بە ئێوە بگات لە دەست خۆتاندایە هەر نەبێ لە بەر لایەنی یەکشێوەکردن کەوا ڕنگە من هەناسەم تێیدا سواربێت... ئەمە لەلایەن ڕێنووسەوە، بەڵام لە لایەن فکرەوە، مەگەر هەڵەم لە نووسیندا کردبێت، ئەگەرنا دەبێ وەک هەیە وەها چاپ بکرێت. ئەگەر گرفتێک لە بوارەدا پەیدا بوو زەحمەت نەبێ پرسم پێ بکەن، چونکە لەوانەم بە هۆی بێیاوەرییەوە دووچاری زەین بڵاوی ببم.

لە بارەی پرسیارت لە ئاست بزووتنەوەی کوردی سەر بە تورکیا و کۆمەڵبوونی کوڕ و کچی کوردی ئەورووپا بە دەورییانەوە: من هیچ شتێکم یەکسەر نەبیستووە و هیچشم نەخوێندۆتەوە لە گوتە و نووسینی ئەو برایانە... هێندە دەزانم ئەوان لە مەیدانی ڕێک خستن و چالاکی و خۆگری... و... و... توند و تۆڵترن. ئەگەر لەو هەوڵەی دەیدەن بۆ ڕزگارکردنی کورد سەرکەوتووبن، جا بە هەر تاکتیک و ستراتیژیک و لە ژێر هەر دروشمێکی بەخەیاڵدا دێت ئەو سەرکەوتنە چنگ بکەوێت لێمان پیرۆز بێت هەرچەند دڵئارامیش نابم کە بزانم هەنگاوی خەباتگێڕی کورد هاوئاهەنگ نییە لەگەڵ گیانی سەردەم و بەڵێنی دوارۆژ بەڵام بێگومان ژیانەوەی کاڵوکرچ بەشەرەفترە لە مەرگی تەکنیکاوی... گریمان من لێرەوە ئاگاداری هەموو کەینوبەین و چەندوچۆنیی هەڵسوکەوتی ئەو برایانەش بم و ڕام لە هیچی نەبێ، چیم لە دەست دێت غەیری نووسین کە ئەو برایانە هەر نایخوێننەوە، ڕەنگە تێشی نەگەن یاخود بەرمەیدان دژی بوەستن... هەر ئەوەندەم پێ دەگوترێ مەگەر لە تۆوە زێدە ڕوونکردنەوەیەک بێت... لێرەوە دوعاخوازی و هێوای سەربەرزی و تەنسازیت نزای ناوەندی دڵمە...

1995/8/14 مسعود محمد

بەغدا 1995/10/3

مامۆستا کاکە ئاسۆسی بەڕێز و خۆشەویست

سڵاوت لێ بێت. بەر لە دوو ڕۆژەوە هەناردەکەت گەیشت.

بەدەست خۆم نەبوو حیکایەتێکی سەر بە مەلای مەشوورم بیرکەوتەوە، کاتی خۆی لە گۆڤارێکی میسریمدا خوێندەوە ئەو سا و ئێستاش بۆی دێمە پێکەنین. گۆیا مەلا [جحای میسر] سەغڵەتی بێپارەیی بووە چ چاری نامێنی مەگەر بە کاغەز لە خوا داوای یارمەتی بکات ئیتر دەنووسێ، خوای مەزن بەهانام وەرە زۆر بێدەرامەدم سەد قرۆشم بۆ بنێرە... کاغەز دەخاتە پۆست بە عینوانی: ئاسمانی بەرز، خوای مەزن «رب العزة»... ئەهلی پۆست کاغەزەکە دەبینن بە سەرسوڕماوییەوە دەیکەنەوە و تێیدەگەن، ئەوانەش چی لە باغەڵیاندا هەیە دەیکەن بە حەواڵە بۆ مەلای دەنێرن بەڵام نەوەد قرۆشیان بۆ کۆمەڵ دەبێت... دوای یەک دوو ڕۆژ کاغەزێکی دیکە لە مەلاوە بۆ خوا دەخرێتە پۆستەوە، کە دەیخوێننەوە دەبینن مەلا نووسیویەتی: خوای مەزن زۆرت مەمنونم بۆ ئەم فریاکەوتنەت بەڵام جارێکی دیکە پارەم بۆ بنێرە لە ڕێی پۆستەخانەیەکی دیکە چونکە کاربەدەستان دە قرۆشیان لێ دزیوم... منیش هەوەڵ جار شەشسەد جاری دووەم پێنجسەد جاری سێیەم سێسەدم پێگەیشت، خوا بەزیادی کات... هەڵبەت ئەمە دەنووسم بە تێڕادیتەیی و بە پاڵەپەستۆی ناچاری.

کاکە گیان من یەکێکم لەوانەی بەر حوکمی چەند قانوونێک کەوتم هەر لە 14 تەمووزی 1958ەوە هەتا هەشتاکان چی خوا بە منی دابوو لە مڵکی میراتی هەمووی بێ تعویض بوو بە هی حکومەت... مەعاشی تەقاعودیم بە سێ مانگ بایی «نەفەر کەباب» ێک ناکات. حاڵی چاپەمەنی لەوانە نەماوە بە من یان کەسی وەکوو من پێی بکرێت دە لاپەڕە لە حیسابی خۆی بەچاپ بگەیەنێت: بەر لە چەند ساڵێک کە «الی العظیم گورباچیف»م نووسی هەشت هەزار دیناری ئەوسام لێ دەست کەوت کە پتر لە دوو هەزار دۆلاری دەگرتەوە... بۆ بێتاڵعی لە زۆر لاوە خەڵک و خوا داوای نووسینم لێ دەکەن لە بابەتی هەمەچەشنە و بێمزە کە بابەتی نووسین و ئوترووحە و چشتی ئەوتۆی خۆیانی پێ تەواو دەکەن، هەر ئێستە داوام لێ کراوە لەسەر بنەماڵەی جەلیزادە و هەر نەبێ سێ بنەماڵەی سەر بە مەلایەتیی کورد بنووسم بە 13 مەرجەوە کە ئەمانەن بە کورتی:

الانحدار الجغرافي - اللقب الاول للاسرة - مصاهرات الاسرة - الكتب والمصادر التي ذكرت الاسرة - زعماؤها واعلامها قديما وحديثا، ترجمة عشرة أشخاص منهم، كل ترجمة صفحة واحدة ... – آثار الاسرة من المقامات والأضرحة – واوصافها المعمارية – دور الاسرة في التأريخ الوطني – ازياء الاسرة و وصفها – لغات الاسرة ولهجاتها اللغوية – النساء اللواتي اشتهرن ادبيا وعلميا – مأثورات الاسرة وتقاليدها – الحرف والمهن التي زاولتها – حال الاسرة في الوقت الحاضر ...

گۆیا جەنابم لە حەفتەیەکدا ئەم کارە بە ئەنجام بگەیەنم، ئەششەدوبیللا کاری دومانگی بێپشوو بەڵکی پتریشە... من بەدەست ئەم موسیبەتەوە گیرم خواردبوو تەلەفۆنێکم بۆ کرا گۆیا جەماعەتێکی حکومەتی سەردانم بکەن بۆ گفتوگۆ لە بارەی مەسەلەی (استفتا)ی سەرۆکایەتییەوە. بە خۆم نەبوو گوتم من لە تەنگانەی ژیاندام دەرفەتی خەریکبوونم نییە بە بابەتی «ترف»ییەوە... بەر لەمانە بە دوو سێ ڕۆژ داوام لێ کرا بچم بۆ ئەورووپا یان هەر نەبێ بە نووسین بەشداری بکەم لە بیرەوەری ساڵمەرگی باوکم کە لە بروکسیل ئاهەنگی بۆ دەکرێت - ڕاستیەکەی پڕ بەدڵ چەند لاپەڕەیەکم بۆ نووسین و بە دەستی خێرخواهاندا بۆم ڕەوانە کردن کە چوونم بۆ ئەوێ لە ئیمکاندا نەبوو...

خولاسه ئاشێکی بێ ئارد دەگێڕم سەد ماشەڵڵای لێ بێت... ئەرکی ژیانیش ڕۆژ لە ڕۆژ قورستر دەبێت... ساڵی پار تەنها مەسرەفی شرە گەڕۆکەکەمان 360 هەزار دیناری خوارد نیو هێندەش لە تصلیحی فریجرێتەر و سەللاجە و نازانم چی ڕۆیشت...

من ئەمانە دەنووسم بۆ شەرحی حاڵ و فشاری سەغڵەتی لە دەستی ئاوارەبوونێکی ئەوتۆوە کە تەنانەت خانووشم هی کرێیە و لە زێد و مەفتەنی خۆم دەست بڕیاوم و تاڕادەیەک بەرپرسی ماڵی کوڕێکی خۆمم بەماڵەوە، چی داهاتێکی هەمە لەوێ بۆ ئەو کوڕەمە... حاڵی برای خۆت ئەمەیە و شەرم و حەیاش مانیعی هەموو هەوڵێکمە کە بۆ غەیری من عەیبی تێدا نییە و بۆ من مردەنییە - چ هەستی بەخۆدا شکانەوە ناکەم لەم قسانەی دەینووسم و خەڵکی دیکە کۆمەی لێ دەکەن. حەز دەکەم خەڵک لێم بەسەهوو نەچێت بە تایبەتی دۆست و برادەر و ناسیاو کە باوەڕی چاکیان بە منەوە تەمای وشک نەبوونی نووسینەکانمیان وەبەردەنێ خۆ منیش لە هەر حاڵوبارێکدا بم تەنها مەراقێکی هەبێت وەدەرنانی خەیاڵ و بیر و باوەڕی لە دەروونەدا پەندماوە کە دەیەوێت بتەقێتەوە بەڵام دەرفەتی نییە، سا با بزانین هەمبانە بۆرینەی چەرخوفەلەکی ڕۆژگار چ کاڵا و بابەتێک دەخاتە بازاڕی ترس و تەمای ئادەمزادەوە. ئەمەو سپاس و ئاواتی شادمانیت!

مسعود محمد

برا و هەڤاڵی خۆشەویست و بەڕێز کاکە مامۆستا ئاسۆس

سڵاو و ئاواتی تەنسازی و کامەڕانیت

دوێنێ ڕێکەوتی 95/10/30 نامە ڕوحسووکەکەت گەییشت... سپاس بۆ پەرۆشێکی لێم هەڵدەگرن خۆ منیش بۆ ئێوە لەوپەڕی بێدەستەڵاتیەوە بۆتان پەرۆشدارم تا ئەوەی هەر ئێستە نوکتەیەکی وەک هینەکەی مەلای مەشوورت بۆ دەگێڕمەوە، ئەویش، «وصف الحال»ێکی هەردوولامان دەکات: لە فیلمێکی ئەمەریکایی لۆری و هاردی لەبەر دەستکورتی بوون بە ڕێگر - لەسەر ڕێگەیەکی فەلاحان خۆیان دانووساند کابرایەکی دەشتەکی خەریک بوو ڕەت بێت لێی دەرپەڕین و «یاڵڵا ڕووت بە» یان لێ قریواند، کابراش دەستی کرد بە پاڕانەوە و شەرحی حاڵی ناگزووری خۆی و منداڵی برسی و خێزانی بێبژێوی بە هەنیسکەوە بۆ کردن تا وای لێ هات لۆریل و هاردیش دایانە گریان و یەک دوو دۆلاریان پێ بوو ئەویشیان خستە دەستییەوە و خوا حافیزییان لێ کێشا...

دەشگێڕنەوە لە مەلای مەشوور، قەرزداری کابرایەک بوو، کابرا هات داوای قەرزی کرد مەلا گوتی ماڵی ئێمە لەسەر ڕێی ڕەوەندانە هەر بزانە مەڕوماڵیان لە کوێستانەوە بەرەو گەرمێن دەبنەوە، دەوربەرەکەشمان دڕووکاوییە و خوری و مووی مەڕ و بزنەکانی تێ دەئاڵێت، منیش کۆیان دەکەمەوە و پارەیەکی مناسبی لێ پەیدا دەکەم قەرزەکەت دەدەمەوە. کابرای خاوەن قەرز بزەی هاتێ... مەلا گوتی مەعلوومە کەیفت خۆشە حەقی خۆت لە مستی خۆت... وا ئێمەش بە تەماین «حصار»مان لەسەر هەستێت ئنجا قوربان سەیری خێر و بەرەکەتی لە بن نەهاتوو بکە...

لەلایەن Individualism و هاوڕێکانیەوە: ساڵی 1988 لەلایەن ئەمینداریەتیی ڕۆشنبیری و لاوانی هەولێرەوە سێ ئاڵقەی نووسینێکم لەسەر «زاراوەسازی پێوانە» و کورتە باسێکی سەر بە زمانەوە لە قەوارەی 440 لاپەڕەدا بڵاو کرانەوەکە دەوری 360 لاپەڕەی سەر بە زاراوەی پێوانە [مصطلح قیاسی] بوو ڕەنگە تارادەیەک یاریدەر بێت ئەگەر بگاتە دەستت. من خەریک دەبم یەک دوو دانەت لەم نووسینە بگەیەنمێ... لە نموونەدا «ناوشێل»ـم بۆ «خباطة»ی چیمەنتۆ و «تین لەناو»م بۆ «تدفئة مرکزیة» پێشنیاز کردووە... «سەرمەشق» بۆ «مثل اعلی» «سەرگوڵ» بۆ «باکورة عمل»...

بەداخەوە سەرپەرشتی ئەم کتێبە لە چاپداندا زۆر دەغەڵ بوو لە هەندێ شوێندا سەرەدەری ناکرێ مەبەست چییە و چۆنە... لاپەڕە دێت بەدوا لاپەڕەدا کە هیچ پێوەندییەکی پێوە نییە!! بە هەمەحاڵ وا دەزانم سوودی پێوەیە. من «تۆقەڵە»م لە جێی «لووتکە» پەسەند کردووە بە واتای summit وەک «کۆبوونەوەی تۆقەڵان» نەک «لووتکان» چونکە ئەم «لووت»ـە زۆر جاران بەرەو ژێرن و هەر لووت و لووتکەشن... هەرچی تۆقەڵەیە سەرووی سەرەوەیە... وشەی «تۆق»یش لە زاراوەی وەرزێران بە واتای «هێز، پیت» دێت وەک کە دەڵێن ئەم زەویە بێتۆقە... لە خێران کتێبەکەت پێ گەیشت بۆ خۆت دەینرخێنیت ئیتر هەر چۆنێک بێت...

لەو بەینانە - ماوەی 45 ڕۆژێکە - نووسینێکی زۆرم بە ملەوە بوو، ئێستاش سێ بابەتم ماوە جارێ دەستم بۆ درێژ نەکردوون کە لێیان بوومەوە ڕەنگە هی دیکەی بەدوادا بێت هەمووشی هەر ماندووبوونی شەرمی حزوورە... بابەتێکیان مەرجێکی لەگەڵدابوو کە نابێ نووسینەکەم لە 30 لاپەرە پتر بگریتەوە. خوا ماڵی ساحێبی ئاوەدان بکات ئەمما دەبێ هەمووی بە سەنەد و سبووت بێ... وێنەی لەگەڵدا بێ. هەر مابوو بڵێ محەللەبی و پەقلاوەشی گەرەکە...

خەریکم خۆم لە هەندێ ئەو ئەرکەی بێگار بدزمەوە لایەک لەو شیعرانەی نالی بکەمەوە کە لە کتێبەکەی مەلا کەریم و فاتیحی کوڕی واتای ڕاستەقینەیان نەپێکراوە، لێرە بە من ناکرێ لەسەر ئەرکی خۆم چاپی بکەم ئەگەر

لوا بۆ ئێوەی دەنێرم بە مەرجێک خۆتان ئارەزۆ بکەن نەک من بە ملتاندا ببرِم چونکە وادیارە ئێوەش زۆر ئیروو نین. بەهەمەحاڵ جارێ ماوە هەیە بۆ ئەم کارە کە هەر نەبوو، دەیدەم بە گۆڤارێکی بەغدا...

دوێنێ شەو وەختم لێ زرِ بوو: لە سەعات 12 ەوە بەخەبەر بووم بەر لە بانگی مەلای سبەینێ زادم خوارد، پاش سەعات 7 هاتمەوە ژوورەکەم خەریکی نووسین بووم هەتا لێی بوومەوە کە دەبوو بۆ داواکارەکەی بنێرمەوە- وا ئەم شەوە جارێ دەوریی 9:30 یە خەریکم بێتاقەتی خەواڵوویی ببم... لێرەدا بە وەنەوزەوە دوعاخوازیت لێ دەکەم بە ئومێدی نامەی ئایندەت. سڵاو و رِێزم بۆ کاک وریا و بۆ خۆیشت.

بەغدا: 1995/10/31

مسعود محمد

بەغدا: 96/1/22

دۆست و برای هێژا و بەڕێز کاکە ئاسۆس هەموو کاتێکت گەش و ئازاد بێت

دوێنێ نامەت گەیشت، دڵ و خانەم پێی ڕوون بۆوە.

با لە پێشەوە حیکایەتی خۆمت بۆ دەور بکەمەوە: بەر لە دوو مانگێک، لە هێکرا و بێ پێشەکی و دەنگدان لای چەپی ئەوەی پێی دەڵێن «قطني» وەهام لێ بەژان هات باسی نەکرێت... بەینێک شەلانەمی و دەستی قەڵەمی گرت کە نەمدەتوانی بۆ سەر کاغەز دابێمەوە یان بەسەر کورسییەوە هەڵتووتەکێم... نووسینێکی زۆرم بەسەرەوە بوون، لەوانەی ئەغڵەب هی وەڵام دانەوەی دوورودرێژ بوون کە بابەتی بڵاوکردنەوە نین مەگەر ئەوەی بۆیان دەچێت بڵاوی بکەنەوە... ئێستاکەش هەر بە پارێزم: سەرینی ڕەق، بەسەر چارپای ڕەقەوە یان لەسەر ڕایەخی ڕەق سەردەنێمەوە... دوو جاران لێم کولایەوە... 20 ڕۆژێک دەبێ ئازارم نییە بەڵام لە دانیشتنی بێتەقیە یان دوورودرێژدا تێم دەگەیەنێ سنوور نەبەزێنم...

بێینە سەر وشە هەڵنان: لە بارەی Empiricism ەوە، کە دەڵێی لە لاپەڕە 456 ی گۆڤاری کۆڕ جەنابت [واتە: من] «لێچوێنایەتی»ت بۆ داناوە: وا پێ دەچێ نەک من بەڵکوو ئەندامانی کۆڕ کە یەکێکیان من بووم دایناوە. ئەم وشەیەم هەرگیز چەسپی مێشک نەبوە و لێم بێگانەیە. لە فەرهەنگ بۆی گەڕام واتاکەی Empiricism م خوێندەوە کە هەرگیز لەگەڵ لێچوێنایەتی یەکتر ناگرنەوە. لە بیرم نەماوە کەی چۆن ئەم وشەیە بڕیاری بۆ دەرچووە، هێندەم وەبیرە کە بەزۆری پشت بە قاموسی عەرەبی و، زیاتر، لیستەی زاراوەی عەرەبی کە لایەن «المجمع العراقي» و هاوناوەکانی لە میسر و سوریەدا دەندرا، دەبەسترا - کەسانێک هەبوون وەک إحسان شێرزاد، عبداڵە نەقشبەندی، هەژار، سەجادی، شێخی خاڵ لە وتووێژ و دەمەتەقە بەشدار دەبوون، بڕیاریش بەپێی زۆری و کەمی دەنگ دەسەپا. چی لە کتێبی «زاراوەی پێوانە»دا هاتوە هی منن بەڵام بەداخەوە هەڵەی چاپ و گۆڕانی جێگەی لاپەڕە دەستی خۆی وەشاندووە.

مەرجیش نییە چی پێشنیاز کرا بێت لە منەوە، پەسەند بکرێت. من بە قەدەر حاڵ ڕێنموونیم کردووە بۆ چوونە ناو کڵێشەی، یاخود، شیرازەی ناوەکیی وشەسازی و (تاڕادەیەک) ڕستەسازیی کوردیی کوردستانی جنوبی و بەشێکی دیوی کوردستانی ئێران. زاراوەش لێی داوا ناکرێت پڕ بە قاڵبی مەعنا بێت: «مربع» هەموو شکڵێکی چوارگۆشەیی دەگرێتەوە کەچی بۆ ئەو مەبەستەی بۆی دانراوە سەلمێنراوە. «طلاق» ڕەهایی دەگەیەنێ خۆیشت دەزانی مەبەست لێی چییە. وشەی ئەوتۆ هەن لە فەرهەنگی ئینگلیزی چەندین واتا هەڵدەگرێ لەو ناوەدا واتایەکی لێ بە زاراوە وەردەگرن.

«نێوەندەکی» و خزمانی لە نامەکەتدا هاتوون بێ سێودوولێکردن بەلای منەوە ڕەوان. «دێمۆکراتیاندن» یەک تەعدیلی دەوێ ببێتە «دێمۆکراتاندن» چونکە ئەم «ی»ە هی ئەداتی ize نەک هی دێمۆکرات. «اندن»ـەکە هی زمانی کوردییە بە خۆی و ئەلفی بەراییەوە. ize لە گۆکردندا دەنگی ئەلفی لەگەڵدایە بەڵام لە نووسیندا تێکەڵ بە i بووە. Democratization ڕابەرە و لەوێدا پیتی t کۆتایی وشەیە.

لەبارەی «هۆشپەسەندایەتی»یەوە، وەک من بۆی دەچم پاشگری «یار» بە زۆری هەرە زۆر لەگەڵ ئەو وەصفانە دێت کە دڵخواز و هەڵبژاردنیان تێدا نییە. بەختیار لە خۆوە بەختیارە، کڕیار و فرۆشیار کەسبی ژینن و بوون بە عادەت. هۆشیار کەسێکە زگماک هۆشیار. هەرچی هۆشپەسەندە لە بڕیاری هۆشەوە دێت هەرچەند هۆشەکە هی سروشت بێت. چی خۆت داتناوە «هۆشنەیارەتی» پڕبەپێستی مەبەستە چونکە ئەو دڵخوازەی کە لە «هۆشنەپەسەند»دا هەیە شتێک دەگرێتەوە کە لە خودی هۆشپەسەندایەتی بڕیاری بۆ دەردەچێت.

پرسیارت لە بارەی Irrationalism و هۆشنەیارەتی لەلایەن تۆوە جێی خۆیەتی بەڵام بۆچوونی من شتێکی ترە. ئەو شتەی هۆشپەسەندە لێکدانەوەی بایی پێداویستی بابەتی گەرەکە، لەوانەیە ڕاستی ئەوتۆ هەبێ تێگەیشتنی زەحمەت بێ مەگەر مامۆستایەک شەرحی بدات. بەزۆری هەرە زۆر ئەوەی بە عەقڵەوە نەنووسێ نادروستییەکەی ئاشکراترە. لە نموونەدا: هەتا دەسەلمێندرێ کە ڕۆژ وەستاوە و زەوی دەسووڕێ لێکدانەوە و بە دەرس وەرگرتنێکی زۆری دەوێ ئنجا دەبێتە هۆشەپەسەند لەم حاڵەتەدا هۆشیاری و هۆشیارەتی کەڵکی نییە چونکە هەرە زۆری خەڵق هۆشیارن و زۆربەشیان بە تەقلید دەڵێن ڕۆژ وەستاوە، ئێستاکەش خەڵقێکی زۆر باوەڕیان بە چوونە ناو مانگ نییە… ئاسمانگەردی هۆشپەسەندە، هۆشیار نییە.

هۆشپەسەندایەتی پتر بۆ دەرکی ڕاستی نەرم و نیانە هەرچی شتی هۆشنەیارە دوای ئیسپات کردنی هەڵەیەکی تێیدایە و مەسەلەکە دەبێتە «بابەت» ئنجا ئەو بابەتە دەشێ هۆشپەسەندی پێ بگوترێ. یەکێک بڵێ: پشیلەم هەیە شیعر دەڵێ، شتێکی گوتووە هۆشنەیار. هەرچی بەدیهییە هەیە [وابزانم لە کۆڕ (سەلمێنە)ی بۆ داندرا یاخود خۆم لە زاراوەی پێوانە دام نا] بەر مەفهوومی هۆشپەسەند دەکەوێ هەرچەند لەوانەن لێکدانەوەشیان نەوێت، وەک ئەوەی کە 999999 هەتا ژمارە یەک و کەمتریش هەمووی لەوەدا یەک دەگرنەوە کە خواروەی ملیۆنن…

ئامۆژگاریەکم هەیە لە زاراوەسازیدا: لزوم نییە زێدە تەقیە، بەتایبەتی بۆ ئێمەی کوردی وەجاغکوێری زانست و هونەر و ژیاری و هەموو شتێک. کە «ڕاناو» بڕوات بە واتای pronoun کە دەزانین «ڕا» پێشگری کارە، «زانکۆ» بۆ جامیعە کە دیار نییە «زان» هی زانینە یان هی زانە… ئیتر بۆچی مەرجی نەفەسبڕ بەملەوە بگرین؟ گۆیا university بێعەیبە؟

Interest پتر بەلای مجێزدا دەچێتەوە، بەلای منەوە «دڵپەسەند» لەبارترە تا «هۆشگیر». «دڵبزێو»یش خۆ ڕەپێش دەکات، دەگوترێ «بنبزێو»کان دەچڕێ مەبەس گۆرانی دڵدارانەیە.

Consistent لە قامووس بە compatible لێک دراوەتەوە. ئەمیش بە able to coexist (with) لێک دراوەتەوە. ئەم واتایە لەگەڵ «یەک ڕەو» یەک ناگرنەوە. دەشێ لە گونجان، خونجان بۆی بچێت بە مەرجێک ئەو واتایەی هەبێ کە لە قامووسدایە. «هاونەوا» دێتە بیر. واتاکەم لە قامووسی Oxford Dictionary of Current English دەرهێناوە. مەسەلەی ئەم زاراوانە بۆ کارەکەی تۆ چەندان سوودی نابێ: پێویستە بە ڕێنموونی و لە تێکرای وشەکان، کە لێیان دوودڵیت، پرسم پێ بکەیت بێگومان وەتەنگ نایەم…

لە تۆوە بۆ من موژدەیەکی خۆش بوو کە لیستەی زاراوەکانی کۆڕ و زاراوەی پێوانە بە هانات هاتوون… حیکایەتی ئەو زاراوانەش لەوەوە هات کە گۆڤاری - وا بزانم - «ڕۆشنبیری نوێ» داوای لە من و گیانشاد د. بەصیر و - دیسانەوە وا بزانم - عبدالرزاق بیمار کرد لەسەر زاراوە گوتاری بۆ بنووسین [نەشم دەزانی بۆ ئەو دوانەش نووسراوە]. ئەوان سەرو گوتارێکی 6-7 لاپەڕەییان کردە دیاری منیش گوتارێکی سێ ئاڵقەیی 350 لاپەڕەیم نووسی، خۆ ئەگەر کارەکەم بە تەواوی گرتبایە بەر و پڕبەپێستی مەبەست بوایە جارێ [بۆ ئەو دەمە کە چووبوومە ناو بابەت] مەودا مابوو بی برم… ئەو سێ ئاڵقەیەش جێی ئاڵقەکانی «گەشتی ژیانم»ی گرتەوە…

ئەو چەند وشەیەی وەک إستثمار، إستغلال، إنتماء، إستهلاک… کە پێیانەوە خەریکاوی نەتکردۆتە پرسیار لە من - ڕاستییەکەی کارەکە نەکەمە پچڕپچڕ چاکترە، وەک گوتم سەرلەبەری گرفتەکان بکەیتە یەک لیستە و بۆمی بنێریت.

لەم دەمەشدا خەریکی «نالی»م، پشتئێشەکەم پتر لە 25 ڕۆژ دەستی پێ لێ هەڵگرتم، بوختانە نامەردانەکەی برایم ئەحمەدیش هەستی ڕووشاندم نەک هەر لەبەر ئازاری شەخسی، پتر، لەبەر بێسەروبەری و ڕەجاڵیی

تێکڕای هەبوونی شەپڕەلێداوی 2500 ساڵیمان کە چەند جارێک لە نووسینمدا پەنچەم بۆ ڕاکێشاوە و تەفسیری بێباکی چەپڕۆیەکانم پێ کردووە کە هێندە بە هاراوی جنێو بە کورد و کوردستان دەدەن: «بڵێ کوردم هەتا بتکوژم، تف لە کوردستان بکە دەنا دەتکوژم، ئێمە گورگین نەتەوەیی گورگین»... قەبری عەلی کوردییان لە «حەمرین» هەڵتەکاند کە وەسیەتی کردبوو لەوێ بینێژن کە «سنووری کوردستانە»... نامیلکەیان دەرکرد لە بەر تێشکی نووسینی ستالین کە کورد «أمة» نییە... هتد.

لە «إعادة التوازن» نووسیومە: «فنحن مرعى بلا سياج وحتى بلا ديدبان وضيعة خلت من فزاعة الطيور» - جارێکیان لە داوەتێکی شەوانەی کە دوو سێ کەسی تێدا بوو هەریەک بە کاتی خۆی گەستبوومی و «گۆیا» پەشێمان ببوونەوە... گوتم من خەریکی چ جۆرە خوولیای سەر بە ئەزەل و ئەبەد و نهێنی جیهان و موعجیزەی «ژیوەری...» و ئەو بابەتە سەرشێتکەرانەی مرۆم کەچی تێم دەنووسێن و ڕامدەکێشنە ناو قوڕاوەکەی کە خۆیان مەلەی تێدا دەکەن... بەدەست خۆم نییە بۆ حاڵی خۆم دەگریەم و لەگەڵ «نالی»دا ئەم بەیتە بە لاواندنەی خۆم دەڵێمەوە:

نالی! چییە وا میثلی جوعەل غەرقی شیاکەی
خۆ تۆ بە حیسابێ وەکوو پەروانە شەمت بوو!

لەگەڵ «کوردی»ش دەڵێم:

ئەمان مردم عەلاجێ سا لە ڕێی پێغەمبەرا چارێ!

لەگەڵ باوکیشمدا:

گەلێ وەک من لە تاوی دەردی کوردان
سەری خۆیان نایە ژێر خاک حەسرەتەو مەند!

لە براتەوە
مسعود محمد

برا و برادەری دڵسۆز و خۆشەویست و بەڕێزم مامۆستا کاکە ئاسۆس

دوای پێشکەش کردنی ئاواتی کامەڕانی و سەربەرزیت: بەر لە چەند ڕۆژێک نامەی مێژووداری 1996/3/21 ت گەیشت، جارێکی دیکەش، لەنوێ، منەتباری هەستی ناسک و سکاڵای خاوێن و وشەی دڵبزێوت کردم کە وەک تاڤگەی زەڵم و بێخاڵ چڵک و تۆزی ڕۆژگاری نالەبار لە دڵ و گیانی مەینەتبار دادەشۆڕێ و گیانێکی نورتونوێ وەبەر ئەندامی شل و شەکەت دەگێڕێ... با منیش لە تۆڵەی ئەو هەموو بەخشندەییەت نوکتەیەکی نیوداشت بکەم بە زرەپاداشتی ناچاری: ئەو ڕۆژەی کە برادەرێکم لە تەفۆن باسی بڵاوبوونەوەی خەبەری کۆچی بەرەو گۆڕستانی خۆمی بۆ گێڕامەوە پێم گوت: من ئاگاداری ئەو باسە نیم، با لە ئەهلی ماڵەوە بپرسم ئایا چەندی ڕاستە چەندی درۆ: خوا ڕاستی هێنا خەبەرەکە درۆ بوو.

کاکە ئاسۆس: بەر لە ماوەی چەند مانگێک دوو بەشی بەسەرداچوونەوەی شەرحی دیوانی نالیم بۆ ناردی... دواتر چی مابوو لە کارەکە لە هەمان ڕێگەوە بۆت بەڕێ کرا. تێکڕای نووسینەکە 197 ڕووپەڕەی گرتەوە. حەز دەکەم بزانم پێتان گەییوە یان نا. من نوسخەیەکم لەو نووسینە لای خۆم هێشتۆتەوە نەکا ئەوەی بەڕێکراوە نەگاتە دەستتان. بەشەکەی دووەم جەدوەلێکی هەڵە و ڕاستی لەگەڵدایە. ئا لێرەدا ئیشارەت بۆ هەڵەیەک دەکەم کە بەسەریدا تێپەڕیوم: لە ڕووپەڕە 29، دێڕی26، وشەی پێش دوایین وشەی ئەو دێڕە «گەسک» دەنووسرێ کە بەسەریەکەوە «گەسک. خوێنەر» دەردەچێت، من وشەی بەهەڵە نووسراوم سڕیوەتەوە و «گەسک»ـم لە جێ داناوە کە ڕاستە. لە بیرم نەماوە لە جیاتی «گەسک» چیم نووسیوە. ئەگەر نووسینەکەت بەدەست گەیشت هەڵەکە ڕاست بکەوە بە «گەسک».

زۆر بە سپاسەوە فەرهەنگە نرخدارەکەت گەییشت. دەمێنێتەوە من قوڵ و باسکی لێ هەڵماڵم و سەرچاوەی ئەوتۆ پەیدا بکەم پێویستی بەو فەرهەنگە هەبێت. ماڵت ئاوا بێ.

لە لایەن زاراوەکانەوە کۆمە مەکە لە پرسین: جەندی بتوانم و لە دەستم بێت نەک درێغی لێ ناکەم، بگرە پێوەی نازۆ دەبم، من کە بزانم ترووسکەی هۆشم لە خەیاڵخانەی دڵسۆزێکی وەکو تۆدا بگەشێتەوە خۆم بە وەجاغرِوون دەزانم، ئەگەر نەڵێم بایی ئەو گەشانەوە هەست دەکەم لە ژینێک پتر دەژیم...

بمبەخشە نامە لە کورتی دەبڕمەوە چونکە بەڕاستی لەم دەمەدا نووسینێکی چەند لاییم بەملەوەیە کە هێندێکیان درێژەیان هەیە و ناشبێ بوەخرێن. ڕێز و سپاسم بۆ کاک وریا لەگەڵ ئاواتی گەش بۆ تەمەنێکی درێژ و کامەڕان و سوودبەخشی... هەر ئەوەندەم لەدەست دێت بە چاکەی ئەو کە بڵێم ئەگەر مەلا بامایە کچێکی گەش و شیرینی ئەوروپایم لێ مارە دەکرد... ناکا خاوەن ماڵ و منداڵ بێ، ئنجا چم پێ دەما لە ئاست هاوسەرەکەی جگە لە شەرمەزاری!

تا نامەییێکی دیکە بە یەکترمان دەگەیەنێ دەستی ڕێز و دوعاخوازیت بۆ بەرز دەکەمەوە

بەغدا 1996/3/16

برات: مسعود محمد

برا و دۆستی دڵسۆز و قەدردار کاکە ئاسۆس

سڵاو و هێوای کامەڕانیت

بەر لە 20 ڕۆژێک نامەی هەرە دواپینت گەیشت. بەدوا ئەودا باوکی بەڕێزت «دیاریەکی کەم و بچوک» - بەپێی نەعبیری خۆت - ی بۆ هێنام بۆ هەردوویان زۆر سپاست دەکەم... دەبوو زووتر جەوابت بۆ بنێرمەوە، بەڵام لەم بەینەی - دوو هەفتەی تێپەڕیو - دا دووچاری نەهامەتیەکی قورس هاتم، بە بەریەوە هەبوو کەڵکم لێ ببڕێ بەڵام، با بڵێین، قەدەر بەزەیی پێمدا هاتەوە و چەیارەی دام لەوەی کە «طاهر بەگی جاف» کردی بە شکات و «شکاندی پەنجەکەم»ی لێ کرد بە گلەیی... چەند ڕۆژێکان هاتوچۆ و هەڵسوکەوتم بە تەقیە و بیسمللا و یارمەتی ئەم و ئەو بوو... نووسینم پێ نەدەکرا هەر چونکە دامەزرانم بۆ نووسین بەسەر کورسییەوە ئازاربەخش بوو جگە لەو زەبرەی بە ڕانی ڕاستەم کەوتبوو ئەسەرێکی گەورەی بەجێ هێشتبوو بەڵام ئێسکی نەشکاندبوو... ئێستاش لە سێبەری ئەو زەبر و ڕووداوە دەجووێڵمەوە... بۆ بێتالعی نووسینی زۆر و بەپەلەم بەملەوە بوو. تا ئێستا و مەودایەکی چەند مانگی مەشغووڵم دەکات.

«هەڵۆ» 30 پرسیاری ئاڕاستە کردووم، ئەگەر بەپێی پێزی پرسیارەکان خۆمی بۆ بەردەم ڕەنگە هەر لێیان نەبمەوە: پرسیاری یەکەم «ئایین چییە و بۆ ئێوە چی دەبەخشێ» بە ناچاری پرسیارەکەم بەملی لایەنی «ئاین وەک دیاردەی کۆمەڵایەتی» نەک «وەحی»ی ئاسمانیدا هێنا ئەگەر نا سەد کەشتیی تێدا ژێراو دەبوو جگە لە زەحمەتیی گەیاندنەوەیەکی جەمسەری «وەحی» و «ئایینی خۆڕسک»ی سروشتی و سەر بە کۆمەڵایەتی. بەڵام خۆدزینەوەی تەواو لە مەسەلەکە نامومکینە... پرسیاری دووەم «ئایین چ ڕۆڵێ لەسەر دروستبوونی نەتەوە دەگێڕێت؟» ئەمەشیان بۆ خۆی دەریایەکە بە بەلەم پەی ناکرێ... کە پرسیارەکان هاتن خەریکی نووسین بووم

لێم داوا کرابوو کە لە مانگێکدا بە ئەنجامی بگەیەنم... نۆرەبڕیم لێ کرد و کەوتمە سەر ئەم پرسیارانە بەڵکوو دەگەنە دەستی مامۆستا شاکەلی و بڵاو دەبنەوە... هەڵبەت بە لێکورتکردنەوە و چاوپۆشی لە تەفسیلات...

کاکی خۆشەویست... بمبەخشە لە نەفەسکورتیی نامەکەم، تا ئێستاش کە دادەنیشم بۆ نووسین یان بە عادەتی، دەبێ ناوناوە هەڵستم بۆ حەسانەوەی ئەو جمگانەی بە دانیشتنی بیندرێژ دەمبەغێنن.

سڵاو ڕێزم بۆ کاکە وریای خۆشەویست و هێوای تەمەنی درێژ و گیانی شاد و سەربەرزی بۆ هەردووتان لە دۆستی ڕاست و دروستی خۆتانەوە.

بەغدا 1996/7/4

مسعود محمد

تکایەک:

لە گەشتی ژیانم، لەو شوێنەی باسی موحاکەمەی قوتابییەکانی سێلمانی هاتووە ئایەتێکی قورئان لە سەرەتاکەی هەڵەیەکی بچووکی تێدایە کە نووسراوە «... اذا جاءکم فاسق بنبأ...» ڕاستییەکەی ئەمەیە «... إن جاءکم فاسق بنبأ...»: ئەمەش ئایەتەکەیە: «یا أیها الذین آمنوا إن جاءکم فاسق بنبأ فتبینوا ان تصیبوا قوما بجهالة فتصبحوا علی ما فعلتم نادمین»

لە چاپی دووەمدا شکستەکە هەڵبەستریتەوە جێی سپاسە.

برا و برادەری بەوەفا و دڵسۆز کاکە کەمال

گیانت شاد کاتت خۆش

نامەیی نووسراوی ڕۆژی 96/7/27 ت بەر لە 10 – 15 ڕۆژێک گەییشت. بێگومان موژدەی گەیشتنی نووسینەکەم لە بارەی شیعری نالییەوە بەولای موژدەوە بوو بۆ من پاش گومبوونی 136 لاپەڕە لە هەوڵی هەوەڵ جارم بۆ گەیاندنی... دەڵێم، ئەگەر بەلاتەوە تەکلیفەکە ئێسک قورس نەبێ، ڕوون کردنەوەیەکم لەم بارەوە بڵاو بکەیتەوە نەکا کەسانێ کاغەزەکانیان بکەوێتە دەست و بە ناوی خۆیانیان بڵاو بکەنەوە، ئیتر بۆ دوارۆژی دەرچوونی سەرلەبەری نووسینەکە لەلایەن ئێوەوە ئیشکالێک دروست بکات و گومانی ناڕەوا لە کارەکەی من پەیدا بکا: وەک ئاگربڕی یان کوێرکردنەوەی ڕێگەی دز ئەم ڕوونکردنەوەیە لە بەرژەوەند خاڵی نییە. ئەو کیژە خێرەومەندە کە ناوی هێرۆیە و لە لەندەنە هاوناوی خوارزایەکم، د. هێرۆ علی عبدالله بەڵام خۆشناو نییە ئیتر با ئەمیشیان بە خوارزام بڕوات... لەو ماوەیەی پاش گەیشتنی نامەکەت سەرقاڵی و نا ئارامی و نووسینی ناچاری وەڵامەکەمی وەخراند، ئێستاش هەر لە ژێر وشاری ئەم پاڵەپەستۆیانەدام و، وەک عەسای نابینا، قەڵەمەکەم بە کوتەکوت دێڕی شاشوبێش ڕەش دەکاتەوە... دەبێ مەرەکەبی دووکەڵی هەناوی هەڵقرچاو تێکەڵ بە فرمێسکی دڵ و چاو نامەی پرسەنامە لە کوردێکەوە بۆ کوردێک سیاپۆش بکات... وای کە دەردمان گرانە!

تا دیدەنیەکی دیکە دەڵێم: پێم نەکرا خۆم بێم، دڵم بۆ ناردی.

بەکزیەکەوە لە دۆستت

مسعود محمد

بەغدا: 1996/9/9

بەیتی سەرووی لاپەڕە 697:

من گوتم سەروی قەدت مەوزوونە ئەو طەبعەم هەیە
ئەو گوتی، «نالی»! بە میزابی کینایەتمان دەشۆی

شەرحەکە دەنووسێ: بە یارم وت: باڵای وەک سەروت بەرز و ڕێکە، بۆیە کاریشی کردۆتە من و شیعری جوانم بۆ دێت (یاخود بەکینایە مەبەستی لەوەیە بڵێ بۆیە منیش ئارەزووم لێتە). یاریش لە وەڵامدا وتی: بە ئاوی کینایەی وەک میزاوت دامان مەشۆ... کینایەتی بێ بایەخی. شایانی من نین... بەم کینایە بێتامانە مەمکە بە بنێشتە خۆشەی ژێر زمانی خەڵک...

ئەمە شەرحە لە ئاست نیوە بەیتی یەکەم ڕاستەواتایەکی ڕواڵەتی وشەکانی بەدەستەوە داوە بەڵام لە ئاست وشەی «موزون - مەوزوون» کورتی هێناوە کە هەر خۆی بنەمای کینایەتی ناو نیوە بەیتی دووەمە و کاکڵ و واتاو مەهارەتی بەیتەکەی تێدا بۆتە گەوهەری هەڵبەستەکە.

وشەی «موزون – مەوزوون» جگە لە «بەرزی و ڕێکی» واتایەکی تری هەیە کە «هاوکێش» ڕادەگەیەنێ. لەمەوە وشەی «سەرو» دەبێ وشەی هاوکێشی خۆی هەبێت. بە لێگەرانی دوو وشەی «گەرو، دەرو» هاوکێشی «سەرو»ن کە هەر دوویان بریتین لە کون و بۆشایی. هەرچی (گەرو)وە پێوەندیی بە سەروی قەدەوە نییە: نەک هەر ئەمەندە و بەس، دەستەواژەی «میزابی کینایەت» بە ناچاری «دەرو» دەکاتە «هاوکێش»ی سەروی قەد، ئیتر بۆ خۆت لێک بدەوە دەروێک لە سەروی قەد بێت و «میز – اب»ی وەپاڵ بدرێت کام شوێنی ئافرەت دەگرێتەوە؟ نالی خۆی لە تۆمەتی بێئەدەبیش ڕەها کردووە بەوەدا کە یار خۆی «میز – اب»ی کینایەتەکەی باس کردووە.

کاکە ئاسۆسی بەڕێز و خۆشەویست: وێڕای سڵاو، وام لە بیرە کە واتای ئەم بەیتەم لە یاد چووبێتەوە بیخەمە ڕێزی بەیتەکانی دیکەی «شەرحی دیوانی نالی». بەلامەوە خەسارەت بوو لە پەنهانیدا بمێنێتەوە. واشدەزانم زیهنی چ کەس لەوانەی بە نالییەوە خەریک بوون بۆ ئەم واتایە ناچن و نەچوون... بێگومان شوێنی خۆی دەگرێتەوە لە گۆشەیەکی هەزارانەی ڕەشنووسی ئەو ڕووپەڕانەی شەرحی باسکراودا و بە خامۆشی سپاسگوزارت دەبێ لە بری دۆست و برات.

بەغدا 1996/9/28
مسعود محمد

مامۆستا کاکە ئاسۆسی لەدڵ نزیک

ڕۆژ باش و گیان شاد و ژیانت بەختیار.

دوێنێ نامەی مێژووداری 96/12/11 ت گەشاندمیەوە. وا لە سەری ساڵی تازەدا 1997/1/1 دەستم هەڵگرت لە نووسینی بەشی سێیەمی مرۆڤ و دەوروبەر [ڕەنگە بایی 70-80 لاپەڕەیەکم ڕەش کردبێتەوە] بۆ وەرامی نامەکەت کە دوو مژدەی (1) دەرچوونی کتێبەکەت (2) بژاری نالی و پەرۆشەکان... چاوەچاوی کتێبەکەتم: ڕاڵێبوون و نارازایبوون، بەزۆری، لە وڵاتی هەرە هەرە هەرە هەرە پێشکەوتووی ئابلاغ و قۆڕیتان بەندە بە «قەهر و میهر»ەکەی بەیتی نالی کە دەڵێ:

قەهر و میهری هەر بە جارێ سەیری دوو دەفتەر دەکا...

بەتەمای ئینساف مەبە لە مرۆی دڵکرمێ... لەوەش پترت لێ داوا دەکەم کە نابێ لە دۆستیش زوێر بیت چونکە ئەویش بنیادەمە و لەوانەیە گۆشەیەکی دڵی داڕووشێت بە دیتنی بەرهەمت کە خۆی بەرهەمی نەبێ یاخود لە بەرهەمی خۆی قەشەنگتر بێت یاخود هەر لە ڕێی خوادا حەزی لێ نەکات. ڕاستییەکەی گەلێ جار نووسینی تێر و تەسەل پتر ڕەگی ناحەزی دەبزوێنێ، هی لەڕ و لاواز جێی حەسوودی پێ بردن نییە... باوکم بە خەڵکەکە دەڵێ:

حەسوودن بۆیە بازارتان کەسادە

نەزانن بۆیە طاعەتتان فەسادە

لەلایەن «نالی» و «پەرۆش»ـەوە: کاکی چاک تا دەکرێ خێرایی پێوسیتە لە چاپدانیان... نووسینێی دیکەم لای هەڵویە [کاغەزی هات کە پێی گەیشتووە] و ئەم بەشەی سێیەمی «مرۆڤ...»یش بە ڕێگەوەیە... منیش لە حاڵێکی وەهادا نیم گوێ نەدەمە کات و ناکات: وا پێم لە 78 ساڵیدایە و دنیاکەش چەرخوفەلەکە... زۆرم قسە و بیروڕا هەن تایبەت بە خۆمن: لەوانەیە هێندێکی بەزەحمەت ڕێی بڵاوکردنەوەیان هەبێ، ڕەنگە - ئەگەر بۆم نووسرا دوای بەسەر چوونم ڕووناکی ببینێت زۆریش جێی داخە لە هەناوی مندا بخنکێت... تەقیەم لە بڵاوکردنەوەی ئەو بیروڕایانە دەچێتەوە بۆ لایەنی بەرژەوەندی خەڵکەکە نەک ترسی ژیانی خۆم...

هەڵۆ لە نامەکەی خۆیدا لە بارەی ئەو 74 لاپەڕەیەی بۆم هەناردووە دەڵی لەگەڵ مامۆستا شاکەلی پێوەندیم کردووە بۆ لە چاپدانی بەڵام «جارێ برێک کێشەی هەیە و وا بە نیازین لە داهاتوویەکی نزیکدا بیخەینە بەر دەستی خوێنەری کورد» ناڵێ کێشەکە چییە و چەند دەخایەنێ. من کە لە پەرۆشی نووسین بم حەزیش دەکەم بزانم کێشەی «جارێ» چییە!

بەهەویای پێکترگەیشتنی «نامەیی» لە داهاتوودا منیش «جارێ» دەستی دوعاخوازیت بۆ هەڵدەبڕم و ئاواتی هەرە چاکوپاکت بۆ دەخوازم، زۆر زۆر سڵاو و ڕێزیشم بۆ کاکە وریاری خۆشەویست.

1997/1/1

بەڕێز و خۆشەویست مامۆستا ئاسۆس

وێرای ڕێز و سڵاو و ئاواتی سەربەرزیت، سپاس بۆ پەرۆشیت بە ئەرکەکانی منەوە... «گوێ مەدەرێ، لە پیاوان دەقەومێ» نامەکەت بەر لە 5-6 ڕۆژ گەییشت، سەرقاڵییەکم هەبوو بەدەست نووسینی ناچارییەوە، وا لەدەرفەتدا ئەم چەند دێڕەت بۆ ڕەشنووس دەکەم.

بەشی سێیەمی «مرۆڤ و دەوروبەر» بە پایان گەییشت: بەداخەوە باری نالەباری «کوردایەتی» پشکێکی زلی لە فکر و عاطفەم دزیەوە... ڕاستییەکەی بە ئانقەست دەستم هەڵگرت لە درێژدان بە نووسینەکەم بەڵکو لە دوا ڕۆژێکی ئارامتر بگەڕێمەوە بۆی... من نووسینەکە بۆ تۆ دەنێرم ئیتر چۆنت باش زانی وەها بکە... نەمزانی گەشتی ژیانم بە چی گەیشت!

مامۆستا شاکەلی 50 دانەی پەرژینی بێ دەنگی بۆ ناردووم... ئێشتا بەشێکی دووەمی پرسیار و وەرام (لای کاک هەڵۆیە، ئەمیان لەوانەیە دوو هێندەی پەرژین دەرچێت) تاقمێکی نوێی لە پرسیار ناردووە بەو ئومێدەی کە بە زووترین کات وەرامیان بگاتە دەستی... دریغ ناکەم بەڵام منیش مەکینە نیم بە کارەبا ئیش بکەم... لەم ڕۆژەدا 3-4 داخوازیی نووسین لەسەر کەسانی ناودارم لێ داواکراوە نازانم چییان لەگەڵدا بکەم: درێژە پێدان پێویستە و بە مجێزی خۆشمە لەبەر نرخی بابەت و ئابڕووی خۆم بەڵام نووسینەکە پێشەکی دەبێ بۆ کتێبی سەر بەو ناودارانە. پێشەکیش درێژە هەناگرێ...

لەلاپەڕە بەیتەکەی نالییەوە: تێ نەگەیشتم چۆن من ئەو بەیتەم شەرح داوە و لەگەڵ تێکرای نووسینەکەدا بووە. بەیتەکە ئەمەیە:

من گوتم سەری قەدت ... هتد

لە نامەی پێشووترم بیروڕای خۆمم لەسەر تەرجەمەکەت بەیان کردووە بەڵام لەگەڵ ئەسڵی کتێبەکە زۆر دۆست نیم: من حەز دەکەم «مێژوو» هەناسە هەڵێنێ نەک لە قەدوباڵای پاڵەوانان بئاڵێت. سەردانەواندن بە مێژوو بۆ بڕیاری دەستوورات ئەوەی لێ پەیدا نابێ کە دەبێ پەیدا بێ: مێژوو فەرقی نییە لەگەڵ ڕۆژانی عادەتی کە تێدەپەرن بەبێ دەستوور. حازر چەند دەستوورییە مێژووش هەر هێندە. ئەشەدوبیللا سەدی هەشتای کردەوگوتەی خەڵک بێ ناوەڕۆکە...

سیاسی کە مەقالە دەنووسێت بە ڕۆحی زاوای شەوی بووکێنی تەوش و تراشی دەکات... خولاسە واقیعی ژیان لەگەڵ تۆماری مێژوو لێکتر دوورن... لێرەدا دەرفەت نییە خۆم ڕوون بکەمەوە. با جارێ دوعاخوازیت لێ بکەم بە ئاواتی شادی و سەبەرزیتەوە و بژیت بۆ براتان.

بەغدا 1997/2/29
مسعود محمد

ماموٚستا کاکە ئاسۆ

لە دڵەوە یاد و سۆزم بۆت تێک دەئاڵێن:

تکایە ئەو نامەیەی بۆ کاکە هەڵۆم نووسیوە لەگەڵ «توضیح»ـەکەی مەکتەبی «یەکیەتی» بۆ ناوبراوی بەڕێز، لە بەرلین، بنێرن... سپاسگوزارتم.

نەمدەزانی سەفەری ئەمجارەم بۆ هەرێم وەها درێژ خایێن دەبێت. لەو بەینە چی نامەیەک و ڕاسپاردەیەک بۆ من بەڕێ کرابێت لێی بێ ئاگام... خامۆشیم لێیان و لە خاوەنەکانیان هی ناچارییە.

ئاواتی بەختەوەریت لە بەرایی ئامانجەکانمە.

هەولێر: 1997/7/11

هەڤاڵت

قەدردار و قەدرزان، دۆستی بێفێل کاکە ئاسۆس!

پڕ بەدڵ بۆت ئارەزوومەندم!

بەکورتی: بەر لە نزیک مانگێک، لە هەولێر نامەیەکەت گەیشت. وام لە بیرە جەوابیم نووسیەوە... لە بەرودوای مانگی 7 بە ناساغیەکی قورسەوە بەرەو بەغدا هاتم... هەروا بەحاڵ هێزی جووڵەم تێدا مابوو. ئەمڕۆکە کە وابزانم 8/10 و یەک شەموە دە ڕۆژە لە بەغدام بە نەساغی و بێهێزی بەدەست ئەنفلۆنزاوە. 3 نامەت گەیشتبوون: یەکیان 97/4/18 نووسراوە. باسی پارەی 1300 دۆلاری تێدایە: پارەکە گەیشتوە کاکە نیعمەت دڵنیا بێ. وا ڕەسیدێکی ئەو پارەیەم لەگەڵ نامەی بەردەستدا بۆ هەنارد.

کاغەزی دووەمت لە 6/17 نووسراوە. باسی گەیشتنی بەشی سێیەم لە «مرۆڤ و دەوروبەر» دەکەیت... ئەمیان بۆ تۆم هەناردراوە. چی تر هەیە بۆ هەڵۆیە: کە هاتم بۆ هەولێر ئەدرەسی هەڵۆم لانەبوو بەڕێکەوت کۆنە ئەدرێسێکت کەوتبوە ناو جانتاکەم... هەڵۆش دڵنیگەرانە لە نەگەیشتنی جەوابی پرسیارەکانی تکایە بۆی بنێرە. ڕاستییەکەی گوتارم لەسەر د. کەمال مەبەسێکی بنەڕەتی بوو کە بگاتە ئەورووپا، کەسێکی پێی بوێرێت قووڵایی و دوورایی تێدا دەدوزێتەوە لە فکر و سیاسەت: تکایە بۆ هەڵۆی بنێرە خۆشت نوسخەی لە سەر بگرەوە.

نامەی سێیەمت لە 7/3 نووسراوە: وا دیارە لزوم نەبوو داوات لێ بکەم بەشەکەی هەڵۆ بۆ هەڵۆ بنێریت چونکە لەم نامەیەدا باسی هەناردنی شتەکانت کرددوە... نازانم چۆن و چۆنی باسی وەرامدانەوەی من بۆ ئەمیر حەسەنپوور کەوتۆتە ئەو شوێنەوە... هەر چۆنێک بێت تێی خێرە ئینشاڵڵا...

براکەم: نازانم تا چەندێک نەساخیەکەم پەکم دەیەخێت لە نووسین چونکە لە دەروونەوە تێم ئالاوە... کە ئەم دێڕانە دەنووسم پاڵ بە خۆممەوە دەنێم. حەزم دەکرد لە بارێکی سازگارتر و بە میزاجێکی تەیارتر لەگەڵتدا دوابامایە جا ئەگەر نوقسانی نامەکەم داخوازی کرد شتت بۆ ڕوون بکەمەوە لێم داوا بکە و لە ڕێی هەولێریشەوە پێوەندیم پێوە بکە چونکە دەبێ دوای چاکبوونەوەم بۆ ئەوێ بچمەوە.

بە ناچاری دەست هەڵدەگرم لە نووسین... تا جارێکی دیکە بەخوات دەسپێرم.

بەغدا: 1997/8/10

برای دڵسۆزت
مسعود محمد

براگیان کاکە ئاسۆس

کەیفاتە قنج... دڵت کامڕان بێت

دوێنێ بە دوا چەندین ڕۆژی تفتوتاڵ لە نەساخی ئەنفلۆنزادا جەوابی نامەکانی 4/18 و 6/17 و 997/7/3 م بەڕێ کردیت کە لە ئوردنەوە بخرێنە پۆستە... پێشتر لە هەولێر کە دوو مانگی تێدا مامەوە جەوابی نامەیەکی دیکەتم هەناردبوو بۆت. 1300 دۆلارەکە دەمێکە گەیشتووە و وەصلی ئەویشم خستۆتە ناو نامەی دوێنێوە. هەر هێندە بابای نامەهەڵگری دوێنی خوا حافیزی کرد نامەی 997/7/25 ت گەیشت کە بریتی بوو لە پەرۆشی بێجەوابی و خاموشی من بەرانبەر نامەکانت... بێڵم چی! لە هەولێر مامەوە بە ناچاری و ئاگاداری بەغداش نەبووم کە نامەت کەڵەکەیان کردبوو دەمەبەشکەی بێئۆقرەییان لێ بوو... ئەم نامەیە بە بەریدی بەغدادا دەنێرم... زۆریش بێتاقەتم هەر هێندەم بە بەرەوەیە سڵاوت لێ بکەم و ئاواتی چاکەت بخوازم ئیتر ببەخشە گوناهێکی بێتاوانە!

بەغدا: 1997/8/12

لە براتەوە

مەسعود محمد

کاکە ئاسۆس

شەو باش

ئەم هەڵانەی کەوتونەتە چاپی «پەرۆشەکان» وا هاتن بۆ خزمەتت: ڕەنگە بێسوود نەبێ بەسەر خەڵکەکەدا بڵاو بکرێتەوە، هێندێ هەڵەم پشگوێ خست لەبەر بێ ئەهمیەتیان... ئیتر خۆت سەرپشکی لەوەی بە پەسەندی دەزانیت و بژیت بۆ برات.

بەغدا 1997/9/2
مسعود محمد

هەولێر: 1997/10/25

کاکە ئاسۆس: بەڕێزەوە سڵاوت لێ دەکەم، ویڕایی ئاواتی تەنسازی و کامەڕانیت.

لە ناوپێچی ئەم نامەیە نامەیەکم هەیە بۆ مامۆستا کوردۆ، ئەدرەسەکەی لام نییە تکایە لەلای خۆتەوە بۆی بەڕێ بکەیت. ئەو کاغەزی بۆ بەغدا ناردبو منیش وام لە هەولێر... کاغەزەکەی، بەدەست بۆم هات بەڵام بێ ئەدرەسە...

بەینولکێکە خەبەری یەکترمان نییە، وابزانم وەرامی دوایین کاغەزتم دایەوە لەگەڵ ڕەسیدی 1300 دۆلارەکەی «بوو بە داستان». نازانم نووسینەکانم سەریان بە چییەوە ناوە! ماون نەماون... زیندوون مردوون... لێرە و لە هەولێر تەکلیف کرام بنچینەی کۆڕێکی زانستی «زانیاری» دامەزرێنم بە ڕێکخستنی یاسایەکی خۆم لێی ڕازی بم... یاساکەم نووسی ڕەنگە لەو ڕۆژانەدا بدرێتە پارلەمان بۆ موافقە. داخم ناچێ شەڕی دوایین ڕۆژی 10/13 لەمپەرێکی زلی خستە پێش یاسا و کۆڕەکە بە دابڕانی سلێمانی و هەولێر لەیەکتر... پێشتر من نامەم بۆ سلێمانی هەنارد کە سیاسەتی تێکەڵ نەکەن و ڕێ بەخەڵکەکە بدرێت بەشداری بکات لەو کارە... وەرامێکی نەرم و نیان هاتەوە... بەتەما بووم بچمە لایان بۆ ڕێککەوتن لەسەر نامزەدکردنی ئەندامان و چی و چی «کەچی لە بەختی کەچم بە گوللە خامە شکا...»... بە وشاری ئەمریکا و ئینگلیز شەڕەکە وەستێندرا کەچی لە دوێنێوە هەرا دەستی پێ کردەوە و کارەبای هەولێر بۆ جاری دووەم بڕا... ناشێ بڵێم ئەمە بەختی کوردە بەڵام، هەروا، لە پەنا بەخت و بە تەنیشت و ڕۆخیەوە چارەنووسی مێژوویی کورد بەدەنگ دێت لە بەرایی 2500 ساڵ نەداری و نەزانی و بێکیانی تا ئەم ڕۆژەی تێدا دەژین (یان ناژین)!

سەیرە ئەمما سەیر، کورد بە زمانی خۆی هیچی نەنووسیوە تا ئەو ڕۆژانەی دەوری نالی و کوردی و بەر لە وان لە سەردەمی مەلای جەزیری و ئەحمەدی خانی کە بە هەڵبەست کوردییان نووسیوە... ڕەنگە هەڵبەستەکەش پتر جوداوازیی لەهجەکانی ڕەنگرێژتر کردبێت بۆ شەڕەچەقی ناوچەگەری ئەم کاتەمان. ئێمە هیچ ئابووریەکمان نەبوە سنە بە هەولێر و دیاربەکرەوە ببەستێتەوە، ئەمما جلوبەرگی جودا و ئاخاوتنی جودامان هەبوە لێکترمان نامۆ بکات. کە ئابووری نەبوو، دوو زێی پردێ و بادینان و وڵاتی کرد بە سێکەرت ئەشەدوبیللا هەتا دەورانی حکومەت عیراق، لە سیبەکان و چلەکان و بەملاتریشەوە دوبەی پەڕینەوەی بەسەر ئەو دوو ئاوەوە ڕایەڵ کرد. ژنی بەری بابان هەتا دەمرد بەری سۆرانی نەدەدیت، هی سۆرانیش بادینانی نەدەدیت چونکە بە هاوینش ئاوەکان ڕێیان نەدەدا ئافرەت بەپێیان یان بە سواری کووچەکە، لێیان بپەڕێتەوە... نامە تەمام وەسسلام.

لە براتەوە

مسعود محمد

وا لەگەڵ کاغەزەکاندا ئەم گوتارەشم بۆ هەناردیت کە لە ئاهەنگی هەڵدانەوەی د. کەمال مەزهەرم خوێندەوە، لە بەغدا، بە بۆنەی گەیشتنی بە تەمەنی شەست ساڵ. هەرچەند داڕشتنەکەی سفتە و مێشک بەخۆیەوە خەریک دەکات، دیسانەوە یادگارێکی نازۆیە و لە دڵمەوە هەڵقوڵیوە... بیخوێنەوە...

کاکە ئاسۆس، برای ڕاستەقینەم!

لە کامەڕانیدا بەتەمەنی درێژەوەوە هەر سەر بەرز بیت.

چەند ڕۆژێک لەمەوبەر نامە شیرینە کورتیلەکەت گەیشت «دڵم پێی فێنک بوو» چاوم گەشایەوەوە سوپاسیش بۆ هەوڵی پیاوانەت لە پێناو دڵڕاگرتنی من... براکەم! کاتی خۆی لە دەمی قوتابیەتی هێندێ تەعبیری کوردیمان پاتەوپات دەکرد بە عەرەبی یەکێک لەوانە «گوێ مەدەرێ» بوو، دەمانگوت: «لاتنطی أذن»... من بۆ خۆم پێم خۆش بوو بەو تەرزە مامەلەیە بگەشێینەوە، ئنجا بە عادەت پاش عەسر دەچووینە سینەما، دواتر دەچووین لە شارع ابو نواس ماسی مزگوفمان بۆ ساز دەدرا، منیش دەمگوت: «رحنا الی ثلاثین مابقی [سی-نەما] بعدین رحنا الی باب الشرقي شارع ابو نواس أكلنا بقی ثلاثین [ما-سی]». ئیتر ئەمە لە زاران خۆش دەهات، هەر برادەرەش کە هونەری ئەوتۆیی زانیبا درێخی نەدەکرد. تۆش هەر وەها بکە و بڵێ «لا تنطی اذن...».

لە بارەی نووسینەکانمەوە: برادەرێکی کۆیی بەر لە چەند مانگێک لە هەولێر هاتە لام، خۆی لە ئەوروپا دەژی، گوتی سێیەم کۆمەڵە پرسیارەکان لەگەڵ دوو کۆمەڵی لەمەوپیش بەیەکەوە دەکرێن بە یەک کتێبی سەرلەبەر نەختێکیش باسی ئەملا و ئەولای نووسینەکانی دیکەم لێ بیست بەشێکم لەبیر نەماون وا بزانم باسێکی «سروە»ی ورمێشی کرد لە بواری نووسینی منەوە... ئەوەی لە بیرمە لە نووسینەکانی بە ئێوە گەیشتووە [ڕەنگە سەهووم کردبێت و هێندێکیان بۆ غەیری ئێوە چووبێ] بریتییە لە:

1- دووبارە چاپکردنەوەی گەشتی ژیانم بەو هێندەی لێشی زیاد بووە.
2- بەسەرداچوونەوەی شەرحی دیوانی نالی...
3- بەشی سێیەمی مرۆڤ و دەوروبەر... ئنجا ئەگەر ئەمانە لای ئێوە بن و چاپ کردنیان زەحمەت بێت بۆ خۆمی بنێرنەوە، لە هەولێر دەشێ چاپ بکرێن.

مامۆستا سەروەت کاغەزێکی ناردبوو بۆم، ئەوسا لە هەولێر بووم تێبینیەکی کردبوو لە بارەی وشەی «بێخوا» atheist کە من لە نووسیندا بەکارم هێناوە. بەلایەوە وشەی (خوانەناس) پەسندترە وەک کە لە سلێمانی بەکاری دەهێنن. بەداخەوە ئەدرەسەکەی لام نەماوە پێ بێڵمەوە: «بێخوا» بۆ «ملحد» ڕاستە. هەرچی خوانەناس، حکومەتنەناس، حەرام و حەڵاڵ نەناس تا کۆتایی نەناسان ناگەن بە إنکارکردنی هەبوونی شتان تەنانەت خەڵکی سلێمانی لەم بارەوە دەڵێن: خوام نەبێ، ناڵێن: خوام نەناسیبێ، بە ئاسایی خەڵکی کوردەواری لە دەمی تووڕەبووندا دەڵێ: ناتناسم... تۆم نەناسیوە. ئنجا ئەگەر لێت زەحمەت نەیەت کاغەزێکی بۆ بنووسە، لەگەڵ سڵاو و ڕێزم بۆی، مەسەلەی بۆ ڕوون بکەوە، مەمنوونی هەردووتان دەبم. کوردی خۆمان کە زێدەڕازی دەبێ لە کەسێک پێی دەڵێ: گونەکەت خۆم، من دەبێ گونی دووان بخۆم...

دەوری 6 مانگێکە لە بەغدام، ڕاستییەکەی لە هەولێر نەمدەتوانی بنووسم لەبەر سەرقاڵیی فڵان هات و فڵان ویستی... لەو بەینە کەوتمە سەر نووسینی خوولیایەک لە دەمێکەوە تێی دەفکرم و لێی ڕادەمێنم. نووسینەکەشم بە عەرەبییە نەک کوردی چونکە بابەتەکە فکرییە پێوەندایەتیی بە کورد و غەیری کوردەوە نییە، بۆ هەموو ئادەمیزادە، واتە لە بارەی ئادەمیزادەوەیە، سەرەباسەکە بەم جۆرە دەکرێتەوە کوردی «کۆمەڵگەی مرۆڤ: بۆچی لە شێتخانە دەچێت؟». ڕاستی لەسەر ئەوە بوو کە خوێنەری کتێبی عەرەبی پتر لە هی کوردی، کوردەکەش لە عەرەبیەکە حاڵییە.

بەتەمام لەم ڕۆژانەی نزیک بچمەوە بۆ هەولێر: دەوری 6 مانگ دەبێت لە بەغدام.

بە دەست کوژانەوەی کارەبا ناڕاحەتم شەو جارێک و ڕۆژیش جارێک دەکوژێتەوە، هەر جارە 2، 3 سەعات بێ کارەبا دەبین: لە گەرمای هاوین بێ کارەبا نەنووسین نە غەیری نووسین بۆ من لە ئیمکاندا نەبوو، تەنها باوەشێنم بە کارەدەهێنا... شەوانە بە بێ کارەبا و بە کارەبا هەتا بەیانی خەوم نەبوو، ئێستاش کە فێنک داهاتووە هەروەها، کاتی خۆیشی لە نێوان 1945 و 1952 شەوانەی زستانم تا بەیانی بە دەم نووسین و خوێندنەوە و ڕادیۆوە بەسەر دەبرد. لە بەرەو کۆتایی 1952 مامم کە شوێنی باوکمی پڕکردبۆوە گیانی سپارد منیش بۆ ئەوەی لە مەلایەتی ڕزگاربم خۆم کرد بە حاکم لە سلێمانی. حەوت ساڵی نێوان 945 و 952 کژی دوای دەرچونی حقوقم و مەرگی مامم بە تێفکرین گەلێک گرێی هەڵەت و پەڵەتی سیاسەتی سەر بە چەپایەتی و بیروباوەڕی پووچەڵی کۆنەواری بۆم کرانەوە... دوو بەرگی مرۆڤ و دەوروبەر دوواتر هی سێیەمیش بەرهەمی ئەم ڕستەیەن کە بە عەرەبی لەو ساڵانەدا نووسیوەتم «ليس قصارى العقل أن يمتنع عن تفسير الاشياء التى لا يفهمها ولكنه يفسرها تفسيرات خاطئة»... با سەرت نە یەشێنم بەو قسانەی پچڕ پچڕ.

وا لەم دەمەدا سەعات 2,55 دوای نیوەڕۆ گوێم لێیە مەلای عەسر بانگ دەدات یان خەریکی دوعای پێش بانگە، منیش لە بەرەکاتی نوێژەکە سەرت دەحەسێنمەوە لە خوێندنەوەی قسەی بێسەروپا.

بژین بۆم و بۆ پیاوەتیت بە شادی و سەرفیرازی

بەغدا 1998/11/2

لە براتەوە

مسعود محمد

لە دواین نامەم شەرحی بەیتێی نالیم بۆ هەناردی کە پێشتر لە بیرم چوو بوو. لە نامەی ئەمجارەت باسی گەیشتنی ناکەیت دەبێ لە ڕێگە فۆتابێ وا شەرحەکە دووبارە دەکەمەوە. بەیتەکە لە سەرەتای لاپەڕە 697 ی شەرحی مەلای مودەڕیس هاتووە:

من گوتم: سەروی قەدت مەوزوونە ئەو طبعەم هەیە
ئەو گوتی: «نالی» بە میزابی کینایەتمان دەشۆی

شەرحەکەی دیوانی نالی لێرەدا دەنووسمەوە:

واتە: بەیارم وت: باڵای وەک سەروت بەرز و ڕێکە، بۆ کاریشی کردووەتە من و وا سروشتم ڕێک و پێکە و شیعری جوانم بۆ دێ (یاخود بە کینایە مەبەستی لەوەیە بڵێ بۆیە منیش ئارەزووم لێتە). یاریش لە وەڵامدا، وتی بە ئاوی پلووسکی وەک میزاوت دامان مەشۆ. (مەبەستی یار لەوەیە بڵێ کینایەکانت ئەوەندە بێ بایەخن شایانی شانی من نین و لەوە ئەچن بنیادەم بە ئاوی پلووسکی باراناو داشۆردێ، یاخود، بەم کینایە بێ تامانە مەمکە بە بنیشتە خۆشەی ژێر زمانی خەڵک و ناوم مەخەرە ناو ناوان).

ئەم شەرحە زۆر دوورە لە حەقیقەتی مەبەستی نالی و واتای بەیتەکە. وەک من بۆی دەچم ئەمەیە واتاکەی:

لە ڕستەی «سەروی قەدت مەوزوونە (جاران دەنووسرا: سروى قدت موزونە) وشەی «سرو» کە مەوزوون بێ هەم ڕادەگەیەنێ کە ڕێکوپێک و قەشەنگە و هەم ڕادەگەیەنێ کە وشە هەیە «موزون»ی «سرو»ە بەواتای هاوکێش و وەزنی «سرو»ە لە گۆکردندا.

دوو وشە هەن هاوکێشی «سرو»: یەکیان «گرو – گەروو» ئەوی دیکەیان «دەرو – درووو». هەرچی «گرو»وە دوورە لە قەد. «درو» لە ڕێی وشەی «میزاب»ـەوە ئەو کون و کەلێنە دەگرێتەوە کە «میز – اب»ی پێدا دێت. دیاریشە کوێی ئافرەت و قەدەکەی کون بێت و [دەرو بێت] جێی ئەو میزابە بێت.

فەننی کینایەکەشی لەو وشەی «موزون» دایە کە هاوکێش بۆ «سرو» پەیدا دەکات و هاوکێشەکەش بە قەدەکەوەیە و کونیشە...

لە نوسخەی دیکەدا دیتوومە لەجیاتی «ئەو طەبعەم هەیە»، نووسراوە: «وا طەبعم هەیە». وشەی «وا» بە واتای «کرایەوە - مفتوح» دێت. ئنجا ئەگەر «مەوزوونە وا» بگوترێ، ڕادەگەیەنێ کە «درو»ە کە کرایەوەیە نەک کونی کوێرە کە دووبەدەر نییە. لەلایەن واتاوە چ «ئەو طەبعەم» و چ «وا طەبعەم» بێت هەمان شت دەبەخشن چونکە بە ڕێنووسی کۆن هەر دەنووسرا «طبعم» لەبری «طەبعەم».

بە مامۆستا شاکەلی ڕابگەیەنە (زەحمەت نەبێ) ئایا دەعوەتەکەی کرابووم بۆ ئۆپسالا هەر بەردەوامە؟ چونکە دەڵێن مەنع نەماوە لەسەر سەفەرم. کە نەمابێ هەرپێم بکرێ سەفەرەکە دەکەم، کچەکەشم «بنار» لەگەڵمدا دەبێ.

«...»